# ڕانانی چەند سەرچاوەیەکی ڕووسی

## لەمەڕ میژووی کورد و بابەتی کوردناسی

نامانج نازم بیجان

# ڕانانی چەند سەرچاوەیەکی ڕووسی لەمەڕ مێژووی کورد و بابەتی کوردناسی

ئامانج نازم بیجان

چاپی یەکەم
٢٠٢٤

## ناسنامەی کتێب


- ناوی کتێب: ڕانانی چەند ســـــــەرچاوەیەکی ڕووسی لەمەڕ مێژووی کورد و بابەتی کوردناسی
- ناوی نووسەر: ئامانج نازم بیجان
- بەش: بەشی یەکەم
- بابەت: مێژوویی
- دیزاین و بەرگ: فوئاد کەوڵۆسی
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- شوێنی چاپ: چاپخانەی گەنج-سلێمانی
- نرخ: (٣٠٠٠) دینار

**ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (٢٧١٩)ی ساڵی (٢٠٢٤)ی پێدراوە**

# ناوەرۆک


پێشگووتن..... ٧

بەشی یەکەم

کوردناسیی ڕووسی لە چەند نامە و تێزێکی زانستیدا ..... ٩

پەراوێز و سەرچاوەکانی بەشی یەکەم..... ٦١

بەشی دووەم

مێژووی کورد لە دووتوێی چەند سەرچاوەیەکی ڕووسیدا ..... ٦٣

پەراوێز و سەرچاوەکانی بەشی دووەم..... ١٢٥

بەشی سێیەم:

ووشە و زمانی کوردی لە چەند قاموسێکی ڕووسیدا..... ١٢٧

پەراوێز و سەرچاوەکانی بەشی سێیەم ..... ١٥٥

لیستی سەرچاوەکان ..... ١٥٧

## پێشکەشە:

بە گیانی ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی بەتوانا (یوسف ئابگارۆڤیچ ئۆربێلی), کەوا بۆ یەکەم جار لە مێژوودا بەشی کوردناسیی لە لێنینگراد دامەزراند.

# پێشگووتن

نووسین لەمەڕ کورد لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسانی بیانییەوە, مێژوونووسی دێرینی هەیە. بایەخدان بە زمان و مێژووی کورد لە ڕووسیادا, زیاتر لە دوو سەدەیە بەردەوامە. بەداخەوە لەم سالانەی دواییدا, زۆربەی کوردناسە بەناوبانگەکانی یەکێتیی سۆڤییەت و ڕووسیا کۆچی دواییان کرد. بەڵام خۆشبەختانە کارکردن لە بواری کوردناسیدا بەردەوامی هەیە, ئەوەتا دەبینین لە زانکۆ و شارە جیاجیاکانی ڕووسیا, سالانە چەندین کتێب و توێژینەوەی زانستی لەمەڕ پرسی کورد بڵاودەکرێتەوە, ئەمەش گەواهیدەری زیندوویێتی و بەردەوامی کوردناسییە لەو وولاتەدا. پرسی کورد وەکو پرسێکی گرنگ و چارەسەرنەکراوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست, هەمیشە جێگەی بایەخی نووسەر و توێژەرانی بیانی بووە, بۆیە پێویستە ئێمەش ئەم ئاوڕدانەوەیە بە هەند وەربگرین.

جێگەی باسە, ماوەی سالانی (٢٠١٢-٢٠١٥)-(٢٠١٨-٢٠٢١), ئەو دەمەی سەرقاڵی تەواوکردنی خوێندنی بەرز بووم لە ڕووسیا, ڕۆژانە چەند کاتژمێرێکم تەرخان کردبوو بۆ گەڕان بەنێو کتێبخانەکاندا, بە مەبەستی کۆکردنەوەی ئەو سەرچاوانەی لەمەڕ کورد نووسراوون. دواتر دەستمکرد بە نووسینی کورتەیەك لەمەڕ ئەو سەرچاو ڕووسییانەی کە وەرنەگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی و عەرەبی. بۆیە وەکو هەوڵێکی سەرەتایی, بە گرنگمان زانی ئەم بابەتە بەم ناونیشانە هەڵبژێرین:

ڕانانی چەند سەرچاوەیەکی ڕووسی لەمەڕ مێژووی کورد و بابەتی کوردناسی.

خوێنەری ئازیز, ئەم کتێبەی بەردەستت, خستنەڕووی چەند سەرچاوەیەکی ڕووسییە تایبەت بە کورد, کە خۆی لە سێ بەشی سەرەکیدا دەبینێتەوە, بەشی یەکەم: کوردناسیی ڕووسی لە چەند نامە و تێزێکی زانستیدا, بەشی دووەم: مێژووی کورد لە دووتوێی چەند سەرچاوەیەکی ڕووسیدا, بەشی سێیەم: ووشە و زمانی کوردی لە چەند قامووسێکی ڕووسیدا. هەوڵماندراوە لاپەڕەکانی ئەو سەرچاوە ڕووسییانە هەڵبدەینەوە کە وەرنەگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی و عەرەبی. جگە لە باسێکی کورتی بەرهەمەکە, تێیدا بەرگی پێشەوە یاخود لاپەڕەی یەکەمی سەرچاوەکەمان داناوە, لە کۆتایشدا تەواوی ئەو سەرچاوانەمان تۆمارکردووە کە لە نێو ئەم کتێبەدا باس و خواسیان هاتووە. شیاووی گووتنە, بەشی یەکەم و دووەمی ئەم بەرهەمە, کاتی خۆی لە چەند شوێنێکی جیاوازدا بلاوبوونەتەوە, بۆ ئەم مەبەستە لە پەراوێزی هەر بەش و بابەتێکدا ئاماژەمان بۆ کردووە. بە ئومێدی ئەوەی لە دەرفەتێکدا بتوانین بەشەکانی تریشی بلاوبکەینەوە.

**ئامانج نازم بیجان**

(٢٠٢٤/٥/٢)

## بەشی یەکەم

# کوردناسیی ڕووسی لە چەند نامە و تێزێکی زانستیدا (١)

(١) ئامانج نازم بیجان, کوردناسیی ڕووسی لە چەند نامە و تێزێکی زانستیدا, (میژوونناسی)–گۆڤار, ژمارە (٤–٥), چاپخانەی ڕۆژهەلأت, هەولێر, ساڵی دووەم, (٢٠٢٣), ل١١٥–١٤١.

# پێشەکی

کوردناسیی لە ڕووسیادا, هەر لە سەدەی نۆزدەهەمەوە هەتاوەکو ئەمڕۆ, وێڕای هەموو ئەو بەربەست و کێشانەی هاتوونەتە ڕێی, کەچی وەکو بابەتێکی زیندوو و گرینگ هەتاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان جێگەی بایەخی ڕووس و ڕووسیزانەکانە. بێگوومان بایەخدان بەم ڕەوتە مێژوویییەی کوردناسیی لە ڕووسیادا, هەر لە خۆوە نەهاتۆتە کایەوە, بەڵکو هەوڵ و ماندووبوونی دەیان و سەدان زانا و نووسەر و تۆێژەرە لەو بوارەدا.

ئەو ماوەیەی لە دەرەوەی وولاّت سەرقاڵی تەواوکردنی خوێندنی بەرز بووم, ڕۆژانە بە نێو ئەو کتێبخانانەدا دەگەڕام, بە تایبەتی بۆ ئەو نووسراو و سەرچاوانەی لە بارەی کورد و کوردستانەوە بە زمانی ڕووسی نووسراوون, کە زۆربەیان هەتاوەکو هەنووکە نامۆن و وەرنەگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی یان عەرەبی. یەکێك لەو سەرچاوانەی کە سەرەنجیان ڕاکێشام, نامەی ماستەر و تێزی دکتۆراکان بوو, کە لە چەند شار و زانکۆیەکی جیاواز لە لایەن ڕووس و ڕووسزانانەوە لەمەڕ پرسی کورد و مێژووی کورد و کوردناسییەوە نووسراون, هەر ئەو کات کورتەیەکم لەبارەی هەر یەکێکیان لای خۆم تۆمار کرد.

خوێنەری هێژا, ئەوەی لەم باسەدا دەیخوێنیتەوە, ناساندن و خستنەڕووی چەند نامە و تێزێکی ڕووسییە لە بارەی مێژووی کوردستان و پرسی کورد, کە لە کات و سەردەم و شوێنی جیاوازدا نووسراون, لەگەڵ ئەوەشدا چوارچێوە و جۆری کارەکانیشیان جیاوازن, بۆ نموونە: پێنج دانەیان نامەی ماستەرە و هەشت دانەشیان تێزی دکتۆران.

هەرچی تایبەتە بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی ئەم کارانە, بێگوومان شێوازی نووسینی نامەی ماستەر یاخود تێزی دکتۆرا لە ڕووسیا جیاوازترە بە بەراورد لەگەڵ نووسینی توێژینەوەی زانستیی لە کوردستاندا. بۆ نموونە: نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا–کاندیداتی ناووك و تەنانەت بلاّوکردنەوەی توێژینەوەی زانستیی لە گۆڤارە زانستییەکان و پێشکەشکردنی بابەت و توێژینەوە بۆ کۆنفڕانسە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانیش, دەبێت بە فلتەر و پاڵفتەی بەرنامەی (ئەنتی پلاّگیات) بڕوات, ئەم بەرنامەیە لە ڕێگەی ئیمێڵەوە دەچیتە ژوورەوە, تەواوی بابەتەکە لەو فلتەرە دەدرێت, بۆ ئەوەی بزانرێت ڕێژەی وەرگرتن و بنەچە و کاری تازەی توێژینەوەکە چەندە ؟ دواتر بە ڕاپۆرتێك تەواوی ئەو ڕێژەیە دەخاتە ڕوو کە توێژەر لە کارەکەیدا ئەنجامیداوە. هەڵبەت هەر قۆناغ و زانکۆ و گۆڤار و کۆنفڕانسێك, ڕێژەیەکی دیاری کردووە بۆ ئەو مەبەستە.

هەرچی تایبەتە بە خوێندنی دکتۆرا و بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا, لە ڕووسیا دوو جۆر دکتۆرایان هەیە, جارێ هەر لە قۆناغی دکتۆرا یان وەکو خۆیان پێی دەڵێن: کاندیداتی ناووك, واتە پاڵێوراوی بڕوانامەی زانست, بۆ بیانی دەتوانێت تەنها پاش گفتوگۆی تێزی

دکتۆراکەی, بڕوانامەی دکتۆرا بەدەستبهێنێت, بێ ئەوەی گفتوگۆی کاندیدات بکات. کاندیداتی ناووك, ماوەیەکی زۆری پێویستە هەتاوەکو لیژنەیەکی گەورە پێکدەهێنرێت, بۆ نموونە: بۆ بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان, دەبێت نزیکەی پازدە بۆ هەژدە پرۆفیسۆری ئەو پسپۆڕییە ئامادەبێت, ئەم کارە جاری وا هەیە نزیکەی ساڵێك دەخایەنێت, زۆربەی جاریش دەبێت لە دەرەوەی زانکۆکەی خۆت ئەنجامبدرێت, بۆیە ئیتر ئەو بەش و زانکۆیە جارێکی تر بەو تێزە دەچنەوە, دواتر دەخرێتە سرەوە بۆ گفتوگۆ, ئەمە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی کاندیداتی ناووکە, پاش ئەمەش لە ڕووسیا بڕوانامەی دکتۆر ناووکیان هەیە, کە ئەمە زۆر ئاسان نییە بە تایبەتی بۆ بیانی, کاتی خۆی خوالێخۆشبووان: (پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد)-(١٩٣٧-٢٠٢١) و (عیزەددین موستەفا ڕەسوڵ)-(١٩٣٤-٢٠١٩) بەدەستیان هێناوە.

شیاووی باسکردنە, ئەم تووێژینەوە زانستییانەی لە بارەی پرسی کورد و کوردناسییەوە نووسراوون, گەواهیدەری ئەوەن کە کوردناسیی لە سەدەی بیست وێەك, وەکو بابەتێکی بایەخدار خۆی لە نێو زانکۆ و نامەی ماستەر و تێزی دکتۆراکاندا دەبینێتەوە, کە جاران زیاتر لە چوارچێوەیەکی تەسك و سادەدا تووێژینەوەی زانستییان دەنووسی لەو بارەیەوە, بۆیە ئیتر دەتوانین بەبێ ترس و دوودڵی بڵێین کوردناسی بە تەواوەتی کەوتۆتە سەر پێی خۆی, ئەوەتا لە زانکۆ و شارە جیاوازەکانی ڕووسیا, ڕووس تووێژینەوەی زانستی بە زمانی ڕووسی لەمەڕ پرسی کورد و مێژووی کوردستان دەنووسن, بە تایبەتی لە ماوەی مێژووی نوێ و هاوچەرخدا.

دیارە مەبەستی سەرەکیمان لەم کارەدا, زیاتر ئاشناکردنی خوێنەری کوردە بەو نامە و تێزە زانستییانەی کەوا بە زمانی ڕووسی لە بارەی پرسی کورد و مێژووی کوردستانەوە نووسراون, هیوادارم دەرفەتی ئەوە هەبێت کاری زیاتر و بەردەوام لەو بارەیەوە بکرێت. هەوڵماندراوە ئەو زانیارییانەی پێویستن بۆ ناساندنی سەرچاوەکە, هەمووی بخەینەڕوو لەگەڵ بەرگی پێشەوەی نامەی ماستەر و تێزی دکتۆراکان, لە کۆتایشدا لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەمان بە هەموو ئەو سەرچاوانە کردووە کە باسیان لێوەکراوە.

# یەکەم: نامەی ماستەر

**یەکەم: کوردیی یەکێتی سۆڤییەت لە ماوەی سالاّنی (١٩٢٠–١٩٣٠)یەکان, پڕۆسەکانی خۆگونجاندن و تێکەڵبوون لە سیستەمی سۆڤییەتدا [٢]**

**کوردیی یەکێتی سۆڤییەت لە ماوەی سالاّنی (١٩٢٠–١٩٣٠)یەکان, پڕۆسەکانی خۆگونجاندن و تێکەڵبوون لە سیستەمی سۆڤییەتدا, نامەی ماستەری (ئیسمێت کۆناك) ه, سالّی (٢٠١٠) پێشکەشی کۆلێجی مێژوو–بەشی مێژووی نیشتیمانیی–(ڕووسیا)ی سەدەی بیستەم کراوە لە زانکۆی دەوڵەتیی مۆسکۆ–بەناوی (م.ڤ. لۆمۆنۆسۆڤ) ەوە, بە سەرپەرشتی پڕۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (ئ.ن. دانیلۆڤ) نووسراوە و لە هەمان سالّدا لە شاری مۆسکۆ و لە زانکۆی نێوبراوو گفتوگۆی لە بارەوە کراوە. جگە لە پێشەکی, ئەنجام, بیبلیۆگرافیا–سەرچاوەکان, پاشکۆ و لیستی کورتکراوەکان, نامەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە لە دووتوێی (١١١) لاپەڕەدا.**

---

**([٢]) ئامانج نازم بیجان, پرسی کورد لە چەند سەرچاوەیەکی ڕووسیدا–بەشی یەکەم, (تاراوگە)–گۆڤار, ژمارە (١٧٨), هۆڵەندا, چوارشەممە–(١٧)ی مایسی (٢٠٢٣), ل٢٣.**

بەشی یەکەم: کوردیی ڕووسیا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا, کە چوار تەوەرەی لێدەبێتەوە, تێیدا ڕۆشنایی دەخرێتە سەر مێژووی کۆچکردنی کورد بۆ ڕووسیا و ژمارە و قەبارەی دانیشتوانی کورد و تایبەتمەندییەکانی ژیانی ئابووری و پۆژانە و کولتووری کوردی, کۆتا تەوەرەش تەرخان کراوە بۆ شۆڕشی ساڵی (١٩١٧) و کورد.

بەشی دووەم: سیاسەتی ناسیۆنالیستی و کەمینەیی نەتەوەیی کورد لە ماوەی ساڵانی (١٩٢٠) و سەرەتای (١٩٣٠) دا, کە خۆی لە پێنج تەوەرەدا دەبینێتەوە, لەم بەشەدا توێژەر هەندێك باس و بابەتی خستۆتەڕوو, وەکو یەکەم بەڵگەنامەکانی حکومەتی سۆڤییەت لە بارەی چارەسەرکردنی کێشەی کەمینە نەتەوەییەکان و بەشداری کورد لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریدا و گۆڕانکاری لە شێوازی ژیانی ئابووری کورد و بونیادنانی کولتووریی لە نێو کورددا, هەروەها کۆتا بابەتیش بۆ کوردستانی سۆڤییەتی یان کوردستانی سوور تەرخانکراوە.

بەشی سێیەم: سیاسەتی ناسیۆنالیستی و کەمینەیی نەتەوەیی کورد لە نیوەی دووەمی ساڵی (١٩٣٠) دا, کە لە سێ تەوەرە پێکدێت, لەم بەشەدا گۆڕینی هەڵوێستەکان لە سیاسەتی نیشتیمانی بەرانبەر بە کەمینە نەتەوەییەکان لە ساڵی (١٩٣٠) دەخرێتەڕوو, کە دواتر بارودۆخێکی خراپ و نالەبار بەسەر کورددا دێت وەکو سەردەمی (ستالینیزم و کورد) و سەرکوتکردن و سەرەتای دەربەدەرکرنی کوردی بەدوای خۆیدا هێنا.

جێگەی باسە, توێژەر لە ناوەڕۆکی باسەکاندا هەندێك نەخشە و خشتە و ئاماری بلاوکردۆتەوە, بۆ نموونە: لە لاپەڕە (٢٣–٢٤) لە تابلۆی ژمارە (١) دا, ئاماڕێکی خستۆتەڕوو بە ناونیشانی: دانیشتووانی کورد پێش

**شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩١٧) دا, هەروەها لە لاپەڕە (٧١) دا, دوو نەخشەی بلاوکردۆتەوە بە ناونیشانی: نەخشەی هەرێم-پارێزگای ئۆتۆنۆمی کورد لە نێوان ساڵانی (١٩٢٣-١٩٢٩). بە شێوەیەکی گشتی تۆێژەر هەوڵێکی زانستی باشی داوە لەو بارەیەوە, هاوکات چەندین سەرچاوەی بە زمانەکانی: ڕووسی, ئینگلیزی و تورکی تێیدا بەکارهێناوە[١]. دەکرێت لە داهاتوودا کاری زیاتر لەو بارەوە ئەنجام بدرێت.**

بەرگی پێشەوەی نامەی ماستەری: (ئیسمێت کۆناك), بە ناونیشانی: (کوردیی یەکێتی سۆڤییەت لە ماوەی سالأنی (۱۹۲۰–۱۹۳۰)یەکان, پڕۆسەکانی خۆگونجاندن و تێکەڵبوون لە سیستەمی سۆڤییەتدا).

МОСКОВСКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ УНИВЕРСИТЕТ имени М.В.Ломоносова

ИСТОРИЧЕСКИЙ ФАКУЛЬТЕТ

Кафедра Отечественной Истории XX в.

# Курды СССР в 1920 – 30-ые гг.: процессы адаптации и интеграции в советскую систему

Магистерская диссертация
Исмета Конака,
магистранта 2 года обучения

Научный руководитель
кандидат исторических наук,
доцент Е.Н. Данилова

Москва 2010

## دووەم: کورد لە چوارچێوەی سیستەمی ئیتنۆ-ستاتوسی تورکیا لە سەردەمی کۆماریدا(٣)

کورد لە چوارچێوەی سیستەمی ئیتنۆ–ستاتوسی تورکیا لە سەردەمی کۆماریدا, نامەی ماستەری (گوگنیاك ك.م)ە, بە سەرپەرشتی دکتۆر (گالیەکبارۆڤا ن.م) نووسراوە, ساڵی (٢٠١٥) پێشکەش بە زانکۆی فیدراڵی ئۆراڵ بە ناوی یەکەم سەرۆکی ڕووسیا (ب.ن. ئێلتسین)ەوە کراوە, لە پەیمانگای زانستی کۆمەڵناسی و ڕامیاری, لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان, لقی ڕۆژهەڵاتناسی, بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی ڕۆژهەڵاتناسی و ئەفریقاناسیدا, ساڵی (٢٠١٥) لە شاری ئێکاتێرینبورگ گفتوگۆی لە بارەوە کراوە.

جگە لە پێشەکی, ئەنجام, لیستی کورتکراوە بەکارهاتووەکان و لیستی ژێدەر و سەرچاوە بەکارهێنراوەکان, نامەکە لە دووبەشی سەرەکی پێکهاتووە لەگەڵ چەند تەوەرەیەك لە دووتوێی (١٠٢) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد, کە دوو تەوەرەی لێدەبێتەوە, تۆێژەر لەم بەشەدا باس لە چالاکی پارتە یاسایی و

---

(٣) ئامانج نازم بیجان, پرسی کورد لە چەند سەرچاوەیەکی ڕووسیدا–بەشی یەکەم, (تاراوگە)–گۆڤار, ژمارە (١٧٨), هۆڵەندا, چوارشەممە–(١٧)ی مایسی (٢٠٢٣), ل٢٣.

نایاساییەکانی کورد دەکات لە ناوچەکانی کۆماری تورکیادا و هەروەها ڕۆژهەڵاتی لە ژیانی ڕامیاری وواڵاتدا, دواتر پرسی کورد لە سیاسەتی تورکیا خراوەتەڕوو لە ساڵی (١٩٦٠)کانی سەدەی ڕابردووەوە هەتاوەکو دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەك.

بەشی دووەم: کێشەی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا, ئەم بەشەش دوو تەوەرەی لێدەبێتەوە, کە تەرخانکراوە بۆ گرنگییێدانی نێودەوڵەتی بۆ کێشەی کورد و هەروەها خستەڕووی بابەتێکی گرنگ ئەویش بوونی پرسی کوردە وەکو بەربەستێك لە بەردەم چوونی تورکیا بۆ نێو یەکێتی ئەورووپا.

شیاووی باسە, تۆێژەر هەوڵێکی زانستی باشی داوە لەو بارەیەوە, کە بە دەیان سەرچاوەی هەمەجۆری بە زمانەکانی ڕووسی, ئینگلیزی و تورکی تێدا بەکارهێناوە[٢]. بێگوومان ئەمەش دەکرێت وەکو سەرچاوەی زانستی تەماشا بکرێت لە بواری کوردناسیدا, بە تایبەتیش بۆ پرسی کورد لە تورکیادا.

**بەرگی پێشەوەی نامەی ماستەری: (گوگنیاك .ك.م)، بە ناونیشانی: (کورد لە چوارچێوەی سیستەمی ئیتنۆ–ستاتوسی تورکیا لە سەردەمی کۆماریدا).**

Министерство образования и науки Российской Федерации
Федеральное государственное автономное образовательное учреждение
высшего профессионального образования
«Уральский федеральный университет имени первого Президента России Б.Н.Ельцина»

Институт социальных и политических наук

Департамент международных отношений

Кафедра востоковедения

ДОПУСТИТЬ К ЗАЩИТЕ В ГЭК

Зав. кафедрой востоковедения

_____ В. А. Кузьмин

«_____»_____2015 г.

# КУРДЫ В РАМКАХ ЭТНОСТАТУСНОЙ СИСТЕМЫ ТУРЦИИ В РЕСПУБЛИКАНСКИЙ ПЕРИОД

ВЫПУСКНАЯ КВАЛИФИКАЦИОННАЯ РАБОТА НА СОИСКАНИЕ СТЕПЕНИ МАГИСТРА ПО НАПРАВЛЕНИЮ ПОДГОТОВКИ 41.04.03 ВОСТОКОВЕДЕНИЕ И АФРИКАНИСТИКА

| | |
|---|---|
| Руководитель к.и.н. | Галиакбарова Н. М. |
| Нормоконтролер | Кюсснер А. М. |
| Студент гр.СПМ-232001 | Гугняк К. М. |

Екатеринбург
2015

## سێیەم: پرسی کورد لە سیستەمی هاوچەرخی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان(٤)

پرسی کورد لە سیستەمی هاوچەرخی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان, نامەی ماستەری (زێمتسۆڤا یولییا ئەلێکسێێڤنا)یە, بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (پۆپپ ئیڤان ئەلێکساندەرۆڤیچ) نووسراوە, پێشکەش بە زانکۆی دەوڵەتیی پەروەردەیی ئۆرالْ کراوە لە پەیمانگای فێربوون و خوێندنی کۆمەلاْیەتی, لە کۆلێجی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پەیوەندییە کۆمەلاْیەتی و مرۆییەکان, لە بەشی ڕیکلام و پەیوەندییە گشتییەکان. ساڵی (٢٠١٧) لە شاری ئێکاتێرینبورگ پێشکەش کراوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە لە پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. جگە لە پێشەکی, ئەنجام, لیستی ژێدەر و سەرچاوە بەکارهاتووەکان و پاشکۆ, نامەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە لە دووتوێی (٩٩) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: شوێن و ڕۆڵی کورد لە سیستەمی هاوچەرخی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان, کە سێ تەوەرەی لێدەبێتەوە, کە تێیدا ڕۆشنایی

---

(٤) ئامانج نازم بیجان, پرسی کورد لە چەند سەرچاوەیەکی ڕووسیدا–بەشی دووەم, (تاراوگە)–گۆڤار, ژمارە (١٧٩), هۆڵەندا, چوارشەممە–(٢٦)ی تەموزی (٢٠٢٣), ل١٩.

خراوەتە سەر پێکهێنانی سیستەمی هاوچەرخی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دواتر بابەتی کورد وەکو گروپێکی ئیتنۆئایینی باسکراوە لەگەڵ پرسی کورد لە کردە و یاسای ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا.

بەشی دووەم: پەیوەندی نێوان کوردان, ئەوانەی بەشێوەی دابڕاو لە وواڵتە جیاجیاکانی دونیا دەژین, کە سێ تەوەرەی لێدەبێتەوە, تێیدا تۆێژەر بارودۆخی کوردی خستۆتەڕوو لە وواڵتانی تورکیا, سوریا و عێراق لە ماوەی ساڵانی (١٩٩١–٢٠١٧), دواتر کارلێککی کورد لەگەڵ وواڵتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا, ڕووسیا و وواڵتانی یەکێتی ئەورووپا باس کراوە, کۆتا بابەتیش تەرخانکراوە بۆ پرسی کورد لە ماوەی ساڵی (٢٠١٧) هەتاوەکو ساڵی (٢٠٢٥)– سیناریۆکانی گەشەکردن. جێگەی باسە, تۆێژەر چەندین سەرچاوەی بە زمانی ڕووسی, ئینگلیزی و تورکی بەکارهێناوە, لەگەڵ پاشکۆ کە خۆی لە چەند نەخشە و خشتەیەکدا دەبینێتەوە[٣].

**بەرگی پێشەوەی نامەی ماستەری: (زێمتسۆڤا یولییا ئەلێکسێێڤنا)، بە ناونیشانی: (پرسی کورد لە سیستەمی هاوچەرخی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان).**

**Министерство образования и науки Российской Федерации**
**ФГБОУ ВО «Уральский государственный педагогический университет»**
**Институт социального образования**
**Факультет международных отношений и социально-гуманитарных коммуникаций**
**Кафедра рекламы и связей с общественностью**

**Курдский вопрос в современной системе международных отношений**

ОП ВО «41.03.05 – Международные отношения»

Выпускная квалификационная работа

Выпускная квалификационная работа
допущена к защите
Зав. кафедрой рекламы и связей с
общественностью

_____ _____
дата А.В. Коротун,
канд. пед. наук, доцент

Руководитель ОП ВО:

_____
А.В. Коротун,
канд. пед. наук, доцент

Исполнитель:
Земцова Юлия Алексеевна,
студент 406 группы
очного отделения

_____ _____
дата подпись

Научный руководитель:
Попп Иван Александрович,
кандидат исторических наук, доцент
кафедры рекламы и связей с
общественностью

_____ _____
дата подпись

Екатеринбург 2017 г.

## چوارەم: کێشەی دەوڵەتی کوردیی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست ویەك(٥)

کێشەی دەوڵەتی کوردیی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست ویەك, نامەی ماستەری (کرۆخالێڤ یوریی یوریڤیچ)ە, بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (تاگیلتسێڤا یولییا ریناتۆڤنا) نووسراوە, پێشکەشی زانکۆی دەوڵەتیی پەروەردەیی ئۆڕاڵ کراوە, لە پەیمانگای خوێندن و فێربوونی کۆمەلأیەتی لە بەشی ڕیکلام و پەیوەندییە گشتییەکان, ساڵی (٢٠١٨) لە شاری ئێکاتێرنبۆرگ پێشکەش کراوە و گفتوگۆی لە بارەوە کراوە.

جگە لە پێشەکی, ئەنجام, لیستی ژێدەر و سەرچاوە بەکارهاتووەکان و پاشکۆ, نامەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە لە دووتوێی (٨٨) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: دەوڵەتی کوردیی وەك یەکێك لە کێشەکانی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست, کە دابەشبووە بۆ سێ تەوەرە, تووێژەر سەرەتا هەوڵیداوە بابەتی پێوەرە سەرەکییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییە هاوچەخەکان

---

(٥) ئامانج نازم بیجان, پرسی کورد لە چەند سەرچاوەیەکی ڕووسیدا–بەشی دووەم, (تاراوگە)–گۆڤار, ژمارە (١٧٩), هۆڵەندا, چوارشەممە–(٢٦)ی تەموزی (٢٠٢٣), ل١٩.

بخاتەڕوو, دواتر پرسی کورد وەکو یەکێك لە کێشە پێشەنگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کورد وەکو نەتەوەیەکی خاوەن نەریت و کولتوور و ئایین باسکردووە.

بەشی دووەم: پرۆژەی دەوڵەتی کوردیی لە سەدەی بیست و یەك: کێشە و ئاسۆکان, کە بە هەمانەش شێوە لە سێ تەوەرە پێکهاتووە, تێیدا بابەتی پڕۆژە, مۆدیل و ئاڕاستەکان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد خراوەتەڕوو, دواتر باس لە کاریگەری پرسی کورد کراوە لەسەر سیاسەتی ناوەخۆ و دەرەوەی هەر یەك لە وواڵاتانی عێراق, ئێران, سوریا و تورکیا, کۆتا بابەتیش تەرخانکراوە بۆ ئاسۆکانی چارەسەکردنی پرسی کورد.

تۆێژەر چەندین سەرچاوەی هەمەجۆری بە زمانەکانی ڕووسی, تورکی و ئینگلیزی بەکارهێناوە, لە پاشکۆدا دوو نەخشەی تایبەت بە ناوچە کوردی و کوردستانییەکان و شوێنی نیشتەجێبوونی کورد بلاوکردۆتەوە, لەگەڵ چەند وێنەیەکدا, وەکو وێنەی پێشمەرگە بە ئاڵای کوردستانەوە, لەگەڵ دوو وێنەی ژنەپێشمەرگەدا[٤].

**بەرگی پێشەوەی نامەی ماستەری: (کرۆخالێڤ یوریی یوریێڤیچ)، بەناونیشانی: (کێشەی دەوڵەتی کوردیی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست ویەک).**

Министерство образования и науки Российской Федерации
ФГБОУ ВО «Уральский государственный педагогический университет»
Институт социального образования
Кафедра рекламы и связей с общественностью

**Проблема курдской государственности в международных отношениях конца XX - начала XXI в.**
Выпускная квалификационная работа

Квалификационная работа
допущена к защите
Зав. кафедрой

_____ _____
дата подпись

Исполнитель:
Крохалев Юрий Юрьевич,
Обучающийся БМ-41 группы

_____
подпись

Руководитель:
Тагильцева Юлия Ринатовна,
кандидат филологических наук,
доцент кафедры рекламы и связей
с общественностью.

_____
подпись

Екатеринбург 2018

## پێنجەم: پرسی کورد لە پەیوەندییە هاوچەرخەکانی تورکیا و سوریا

پرسی کورد لە پەیوەندییە هاوچەرخەکانی تورکیا و سوریا, نامەی ماستەری (داکێشێڤا ماریا میربۆلۆڤنا)یە, ساڵی (٢٠١٩) پێشکەشی زانکۆی دەوڵەتی سانکت پێتێربورگ کراوە, بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان–تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و شیکاری سیاسەتی دەرەوە.

نامەکە بە سەرپەرشتی پڕۆفیسۆر دکتۆر (ڤ .ن. کۆنیشێڤ) نووسراوە, هەروەها لە لایەن دکتۆر (ئا.ئا. سۆتنیچێنکۆ)–ڕاوێژکاری باڵوێزخانەی ڕووسیای فیدراڵ لە کۆماری تورکیادا و پسپۆڕی زانستی مێژوو پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی بۆکراوە. جگە لە پێشەکی, ئەنجام و لیستی ژێدەر و سەرچاوەکان, نامەکە لە سێ بەشی سەرەکی و چەند تەوەرە و باسێك پێکهاتووە لە دووتوێی (٨٨) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: دەرکەوتن و پەرەسەندنی پرسی کورد, کە ئەم دوو تەوەرەیەی لێدەبێتەوە: بنەچە مێژوویی, ڕامیاریی و ئایدۆلۆجییەکانی پرسی کورد, کێشەکانی دروستبوونی ناسنامەی کوردی.

بەشی دووەم: فاکتەرەکانی دیاریکردنی شوێن و پێگەی پرسی کورد لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و سوریادا, کە خۆی لە سێ تەوەرەدا دەبینێتەوە, وەکو: پەیوەندی دووقۆڵی نێوان سوریا و تورکیا,

کاریگەری لەسەر پرسی کورد, گرنگی هۆکارە نێوچەییەکان بۆ پرسی کورد لە قۆناغی هاوچەرخدا, هۆکارە دەرەکییە کاریگەرەکان لەسەر پرسی کورد لە قۆناغی هاوچەرخدا.

بەشی سێیەم: پرسی کورد لە چوارچێوەی ململانێی سوریادا, کە سێ تەوەرەی لێدەبێتەوە, بۆ نموونە: پرسی کورد وەکو بەشێك لە شەڕی نێوخۆیی لە سوریادا, پرسی کورد و دەستێوەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ناتۆ لە ململانێی سوریادا, ئاسۆی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە پەیوەندییەکانی تورکیا و سوریادا.

جێگەی باسە, تۆێژەر لە کۆتایی هەر بەشێك, ئەنجام و هەڵهێنجانی بەشەکەی لە کۆتایدا نووسیووە. هەرچی تایبەتە بە سەرچاوەکان, دیارە نووسەری نامەکە هەوڵێکی زۆر باشی داوە, چونکە بە دەیان و سەدان سەرچاوەی هەمەجۆر و بایەخداری بەکارهێناوە بە زمانەکانی ڕووسی, ئینگلیزی و تورکی[٥]. بێگوومان ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە.

**بەرگی پێشەوەی نامەی ماستەری: (داکێشێڤا ماریا میربۆلۆڤنا)، بە ناونیشانی: (پرسی کورد لە پەیوەندییە هاوچەرخەکانی تورکیا و سوریا).**

ПРАВИТЕЛЬСТВО РОССИЙСКОЙ ФЕДЕРАЦИИ

Федеральное государственное бюджетное образовательное учреждение

высшего образования

«САНКТ-ПЕТЕРБУРГСКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ УНИВЕРСИТЕТ»

ДАКЕШЕВА Мария Мерболовна

Выпускная квалификационная работа

# «КУРДСКИЙ ВОПРОС» В СОВРЕМЕННЫХ ТУРЕЦКО-СИРИЙСКИХ ОТНОШЕНИЯХ
# THE KURDISH ISSUE IN THE MODERN TURKISH-SYRIAN RELATIONS

Направление 41.04.05 - «Международные отношения»

Основная образовательная программа магистратуры

«Теория международных отношений и внешнеполитический анализ»

Научный руководитель:
доктор политических наук,
профессор кафедры теории и истории
международных отношений
В.Н. Конышев

Рецензент:
кандидат исторических наук,
советник Посольства Российской Федерации
в Турецкой Республике
А.А. Сотниченко

Санкт-Петербург

2019

## دووەم: تێزی دکتۆرا[٦]

## یەکەم: کوردستانی ئێران لە سیاسەتی یەکێتی سۆڤییەت لە نیوەی دووەمی (١٩٣٠-١٩٤٠)

کوردستانی ئێران لە سیاسەتی یەکێتی سۆڤییەت لە نیوەی دووەمی (١٩٣٠-١٩٤٠), تێزی دکتۆرا-کاندیداتی ناووکی (ماگۆمێدخانۆڤ ڤیکتۆر ماگۆمێدوڤیچ)ە, بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر دکتۆر (ئۆریشێڤ. ئا.ب) نووسراوە, ساڵی (٢٠١٥) پێشکەشی زانکۆی دەوڵەتیی ئێڵێتس-بەناوی (ی.ئا. بونین)ەوە کراوە, لە هەمان ساڵدا گفتوگۆی لە بارەوە کراوە و بڕوانامەی دکتۆرا-کاندیداتی ناوکی بەدەستهێناوە لە پسپۆڕی مێژووی گشتی-ماوەی نوێ و هاوچەرخ. جگە لە پێشەکی, ئەنجام و لیستی ژێدەر و سەرچاوەکان, تێزەکە لە سێ بەشی سەرەکی و چەندین تەوەرە پێکهاتووە لە دووتوێی (٢٧٥) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و سیاسەتی یەکێتی سۆڤییەت لە کوردستانی ئێران لە سەروبەند و قۆناغی یەکەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا لە ماوەی ساڵانی (١٩٣٥-حوزەیرانی

---

(٦) ئامانج نازم بیجان, کوردناسیی ڕووسی لە چەند تێزێکی زانستیدا, ماڵپەڕی (مێژووی کورد), بەشی مێژووی کورد-مێژووی نوێ و هاوچەرخ, ڕێککەوتی (٢٠٢٣/٥/٢٨). هەروەها بەڕێز (چالاك موحەممەد) لە (هەواڵنامەی کتێب) بەشێوەی پی دی ئێفیش بڵاوی کردۆتەوە.

١٩٤١)دا, ئەم بەشە لە چوار تەوەرە پێکدێت, تۆێژەر هەوڵیداوە تیشک بخاتە سەر چەند بابەتێکی گرنگی وەکو عەشیرەتە کوردییەکان و ڕۆڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پەیوەندییەکانی سۆڤییەت و ئێران, لەگەڵ خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و یەکێتی سۆڤییەت و فراوانخوازی ئەڵمانیا لە کوردستانی ئێران وەکو هەڕەشەیەک بۆ بەرژەوەندییەکانی سۆڤییەت لە ناوچەکەدا.

بەشی دووەم: کوردستانی ئێران لە سیاسەتی یەکێتی سۆڤییەت لە سالاْنی جەنگی گەورەی نیشتیمانی و کاتی دامەزراندنی سیستەمێکی نوێی جیهانی لە ماوەی سالاْنی (حوزەیرانی ١٩٤١–ئایاری ١٩٤٦)دا, ئەم بەشەش لە چەند تەوەرەیەک پێکدێت, وەکو بابەتی هاتنی هێزەکانی سۆڤییەت بۆ خاکی ئێران لە ئابی (١٩٤١) و هەڵوێستی کورد و پەیوەندی کورد و سۆڤییەت لەو ماوەیەدا, هەروەها پرسی دژایەتیکردنی سۆڤییەت لە فرتوفێڵی ئەڵمانیا لە کوردستانی ئێران و دژبەرییەکانی سۆڤییەت و بەریتانیا لە کوردستانی ئێراندا و کشانەوەی یەکەکانی سوپای سوور لە ئێران.

بەشی سێیەم: بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد, دامەزراندنی کۆماری مەهاباد و یەکێتی سۆڤییەت (١٩٤٦–١٩٤٧), کە دوو تەوەرەی لێدەبێتەوە, لەم بەشەدا پرسی کۆماری کوردستان و ڕۆڵی سۆڤییەت لە دامەزراندنیدا و پەیوەندی نێوان ئازەربایجان و کوردستان و خەباتی هاوبەشیان لە پێناو مافە دیموکراسی و نەتەوەییەکان لە چوارچێوەی ئێرانێکی یەکگرتوودا خراوەتەڕوو.

جێگەی ئاماژەبۆکردنە, ئەم تێزە یەکێکە لەو کارە زانستییە پڕبایەخانەی کەوا لە بارەی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە

زمانی ڕووسی نووسراوە, توێژەر چەندین سەرچاوەی هەمەڕەنگی تێدا بەکارهێناوە بە زمانەکانی: ڕووسی, کوردی بە تیپی لاتینی–(کرمانجی), ئینگلیزی, ئازەری, ئیتاڵی و ئەڵمانی, بۆ نموونە: لە بەشی ئەرشیفی بەڵگەنامەکان, (٩٣) دانەی بە زمانی ڕووسی بەکارهێناوە لەگەڵ چەندین بەڵگەنامەی فەرمی بلاوکراودا, ئەمە جیا لە چەندین بیرەوەری و توێژینەوە و ووتار و کتێبی هەمەجۆر و کۆمەڵێك ڕۆژنامە, کە هەرهەموویان بەسەر یەکەوە (٣٠٢) سەرچاوەن[٦].

شیاووی باسە, ئەم تێزە لە لایەن پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستیی ڕووسیا بە ناونیشانی: (کورد هاوپەیمانی لەبیرکراوی یەکێتی سۆڤییەت), ساڵی (٢٠٢٠) لە دووتوێی (٢٣٦) لاپەڕەدا لە مۆسکۆ بە شێوەی کتێب چاپ و بلاوکرایەوە. جێگەی گووتنە, ئەم کتێبە لە لایەن پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر: (ڕەڤەندی–فادای ل.م)ەوە پێشەکی بۆ نووسراوە[٧]. نێوبراوو یەکێکە لەو توێژەرانەی کەوا چەندین ووتار و توێژینەوەی زانستی لە بارەی میژووی کورد بە زمانی ڕووسی بلاوکردۆتەوە.

بەرگی پێشەوەی تێزی دکتۆرای: (ماگۆمێدخانۆڤ ڤیکتۆر ماگۆمێدوڤیچ)، بە ناونیشانی: (کوردستانی ئێران لە سیاسەتی یەکێتی سۆڤییەت لە نیوەی دووەمی (١٩٣٠– ١٩٤٠) ).

**ФЕДЕРАЛЬНОЕ ГОСУДАРСТВЕННОЕ БЮДЖЕТНОЕ**
**ОБРАЗОВАТЕЛЬНОЕ УЧРЕЖДЕНИЕ ВЫСШЕГО ОБРАЗОВАНИЯ**
**«ЕЛЕЦКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ УНИВЕРСИТЕТ**
**ИМЕНИ И. А. БУНИНА»**

***На правах рукописи***

**МАГОМЕДХАНОВ ВИКТОР МАГОМЕДОВИЧ**

# ИРАНСКИЙ КУРДИСТАН В ПОЛИТИКЕ СССР ВО ВТОРОЙ ПОЛОВИНЕ 1930 – 1940-х гг.

**Специальность 07.00.03. – Всеобщая история.**
**(Новое и новейшее время)**

**Д И С С Е Р Т А Ц И Я**
**на соискание ученой степени**
**кандидата исторических наук**

**Научный руководитель:**
**доктор исторических наук,**
**профессор Оришев А.Б.**

**Елец - 2015**

بەرگی پێشەوەی کتێبی: (کورد هاوپەیمانی لەبیرکراوی یەکێتی سۆڤییەت), لە نووسینی: (ماگۆمێدخانۆڤ ڤیکتۆر ماگۆمێدوڤیچ).

بەرگی پشتەوەی کتێبی: (کورد هاوپەیمانی لەبیرکراوی یەکێتی سۆڤییەت), لە نووسینی: (ماگۆمێدخانۆڤ ڤیکتۆر ماگۆمێدوڤیچ). نووسەر لە خوارەوەی وێنەکە نووسیوویەتی: دۆڵێك لە ڕەواندوز–کوردستان.



## دووەم: بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیی عێراق و تورکیا لە ماوەی سالانی (١٩١٨-١٩٨٠)، هۆکارە کارلێککەرەکان

بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیی عێراق و تورکیا لە ماوەی سالانی (١٩١٨–١٩٨٠)، هۆکارە کارلێککەرەکان، تێزی دکتۆرا–کاندیداتی ناووکی (ڤێدێنێیڤ ئیلیا نیکۆلاێڤیچ)ە، پێشکەشی پەیمانگای ڕۆژهەلاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستی ڕووسیا کراوە، تێزەکە بە سەرپەرشتی دکتۆر (ڤێرتیاێف کیریلل ڤالێنتینۆڤیچ) نووسراوە، ساڵی (٢٠٢١) لە شاری مۆسکۆ گفتوگۆی لە بارەوە کراوە و بڕوانامەی دکتۆرا–کاندیداتی ناووکی لە میژووودا بەدەستهێناوە لە پسپۆڕی میژووی گشتی–ماوەی نوێ و هاوچەرخ. جگە لە پێشەکی، ئەنجام و بیبلیۆگرافیا–سەرچاوەکان، تێزەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت لە دووتوێی (٢٢١) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیی عێراق و تورکیا لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا، کە لە چوار تەوەرە پێکدێت، تووێژەر تێیدا باسی کوردیی عێراق و تورکیا دەکات لە سەرەتای سەدەی بیستەم–پرسی موسڵ و کوردستانی عێراق وەکو شوێنێکی گەرمی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە نێوان هەردوو جەنگەکەدا، پاشان بابەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە تورکیا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا خراوەتەڕوو لەگەڵ بابەتی کورد وەکو

فاکتەری پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیادا لە ماوەی نێوان سالاّنی (١٩٢٦–١٩٤٥)–پەیمانی سەعەدئاباد.

بەشی دووەم: پێکهێنانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیی عێراق و تورکیا لە چارەکی سێیەمی سەدەی بیستەمدا, کە لە سێ تەوەرە پێکدێت, ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیی عێراق بە سەرۆکایەتی موستەفا بارزانی, ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی لە ماوەی سالاّنی (١٩٦١–١٩٧٥) و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیی تورکیا لە ماوەی سالاّنی (١٩٦٠–١٩٨٠). پاشان توێژەر هەوڵیداوە پەیوەندی نێوان پارتە ڕامیارییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیی عێراق و تورکیا لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا بخاتەڕوو لەگەڵ هۆکارە کارلێککەرەکان.

بەشی سێیەم: کورد وەکو فاکتەری پەیوەندی نێوان عێراق و تورکیا, لە سێ تەوەرە پێکدێت, ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ ئەم بابەتانە, وەکو: سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی–پەیمانی بەغداد و تورکمانەکانی عێراق وەکو فاکتەری پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا (ڕووداوەکانی کەرکووك لە ساڵی (١٩٥٨) )دا, کۆتا تەوەرە تەرخانکراوە بۆ بابەتی کورد وەکو فاکتەری پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا لە چارەکی سێیەمی سەدەی بیستەمدا.

جێگەی ئاماژەبۆکردنە, توێژەر چەندین سەرچاوەی بە زمانی ڕووسی, ئینگلیزی و تورکی بەکارهێناوە, هەر لە بەڵگەنامە فەرمییەکان و ئەرشیف و بیرەوەری و فیلمی دۆکۆمێنتاری هەتاوەکو توێژینەوە[٨]. بێگوومان هەوڵێکی زانستی باشە لەو بارەیەوە.

بەرگی پێشەوەی تێزی دکتۆرای: (ڤێدێنێیێف ئیلیا نیکۆلاێڤیچ), بە ناونیشانی: (بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیی عێراق و تورکیا لە ماوەی سالاْنی (١٩١٨–١٩٨٠), هۆکارە کارلێککەرەکان).

**ФЕДЕРАЛЬНОЕ ГОСУДАРСТВЕННОЕ БЮДЖЕТНОЕ УЧРЕЖДЕНИЕ НАУКИ ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ РОССИЙСКОЙ АКАДЕМИИ НАУК**

***На правах рукописи***

**ВЕДЕНЕЕВ Илья Николаевич**

# КУРДСКОЕ НАЦИОНАЛЬНОЕ ДВИЖЕНИЕ ИРАКА И ТУРЦИИ В 1918-1980 гг. ФАКТОРЫ ВЗАИМОВЛИЯНИЯ

**Специальность 07.00.03 –**
**Всеобщая история. (Новое и новейшее время)**

**Д И С С Е Р Т А Ц И Я**

на соискание ученой степени кандидата исторических наук

**Научный руководитель:**
**кандидат политических наук**
**Вертяев Кирилл Валентинович**

Москва – 2021

## سێیەم: سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە کوردستانی عێراق لە ماوەی سالاّنی (١٩٤٥-١٩٨٩)

سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە کوردستانی عێراق لە ماوەی سالاّنی (١٩٤٥–١٩٨٩), تێزی دکتۆرا–کاندیداتی ناووکی: (سێننیکۆڤ ئەلێکسێی ئیڤانۆڤیچ)ە, بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر دکتۆر (ڤ.ت. یونگبلیود) نووسراوە و پێشکەشی زانکۆی دەولّتیی ڤیاتکا کراوە لە شاری (کیرۆڤ), ساڵی (٢٠٢٠) گفتوگۆی لە بارەوە کراوە و بڕوانامەی دکتۆرا–کاندیداتی ناووکی بەدەستهێناوە لە بواری مێژوو لە پسپۆڕی مێژووی گشتی–ماوەی نوێ و هاوچەرخ. جگە لە پێشەکی, ئەنجام, ژێدەر و سەرچاوەکان و لیستی کورتکراوەکان, تێزەکە لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە لە دووتوێی (٣٠٤) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە عێراق و سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ماوەی سالاّنی (١٩١٨–١٩٦٨), کە لە کۆمەڵێك تەوەرە و بابەت پێکدێت, وەکو: تایبەتمەندییەکانی پرسی کورد لە سیاسەتی ئەمریکا لە ماوەی جەنگەکان و سالاّنی جەنگی دووەمی جیهانی و کوردیی عێراق لە سیاسەتی وولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرانبەر بە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست لە ماوەی سالاّنی (١٩٤٥–١٩٥٨), هەروەها هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەمەڕ پرسی کورد پاش ڕووخانی

پادشایەتیی عێراق لە ماوەی سالاّنی (١٩٥٨–١٩٦٨), کە چەندین باسی لێدەبێتەوە وەکو ئیدارەی (د. ئایزنهاوەر), پژێمی عەبدولکەریم قاسم و پرسی کورد لە ماوەی سالاّنی (١٩٥٨–١٩٦٠) و سیاسەتی ئیدارەی (ج. کێنێدی) لەمەڕ پرسی کورد لە عێراق لە ماوەی سالاّنی (١٩٦١–١٩٦٣), سیاسەتی ئیدارەی (ل. جۆنسۆن) لە مەڕ پرسی کورد لە عێراقدا لە ماوەی سالاّنی (١٩٦٣–١٩٦٨).

بەشی دووەم: پرسی کورد لە عێراق لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی (پ. نیکسۆن) و (ج. فۆرد) لە ماوەی سالاّنی (١٩٦٩–١٩٧٦)دا, کە لە چەند تەوەرەیەك پێکدێت, تووێژەر ئەم بەشەی تەرخان کردووە بۆ کۆمەڵێك تەوەر و بابەتی گرنگی وەکو: ستراتیجییەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و پرسی کورد لە عێراقدا لە ماوەی سالاّنی (١٩٦٩–١٩٧٢), باسی کەمبوونەوەی جیهانگیری و ڕووبەڕووبوونەوەی ناوچەیی, شوێن و پێگەی پرسی کورد لە عێراقدا لە سیاسەتی واشنتۆن لە ماوەی سالاّنی (١٩٧٢–١٩٧٥), لە نێوان مۆسکۆ و تاران: گۆڕینی هەڵوێستی نیکسۆن لەمەڕ پرسی کورد لە ساڵی (١٩٧٢), سیاسەتی نیکسۆن بەرانبەر بە کورد لە ساڵی (١٩٧٣) و سێگۆشەی ئەمریکی–ئیسرائیلی–کوردیی, سێیەم: ململانێی سەربازیی لە کوردستانی عێراق لە ماوەی سالاّنی (١٩٧٤–١٩٧٥) و سیاسەتی واشنتۆن, تەوەرەی سێیەم: کوردیی عێراق لە سیاسەتی ئەمریکا پاش ڕێککەوتننامەی جەزائیر (١٩٧٥–١٩٧٦).

بەشی سێیەم: کوردیی عێراق لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی (ج. کارتەر) لە ماوەی سالاّنی (١٩٧٧–١٩٨٠)دا, کە لەم چەند تەوەر و باسەدا پێکدێت, ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ ئەم بابەتانە, وەکو:

سیاسەتی ئیدارەی (ج. کارتەر) لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست لە ماوەی سالاّنی (١٩٧٧–١٩٧٨)دا: ڕۆڵی فاکتەری کوردی, کاریگەری شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لەمەڕ پرسی کورد لە مانگی کانوونی دووەم–تشرینی دووەمی سالّی (١٩٧٩)دا, پرسی کورد لە سیاسەتی ئەمریکا لە تشرینی دووەمی سالّی (١٩٧٩–١٩٨٠)دا.

بەشی چوارەم: کوردیی عێراق لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی (ڕ. ڕێیگان) لە ماوەی سالاّنی (١٩٨١–١٩٨٩)دا, ئەم چەند تەوەرە و باسانەی لێدەبێتەوە: سیاسەتی ئیدارەی (ڕ. ڕێیگان) لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و شوێن و پێگەی پرسی کورد تێیدا لە چوارچێوەی شەڕی ئێران–عێراق لە ماوەی سالاّنی (١٩٨١–١٩٨٧)دا, هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەمەڕ پرسی جینۆسایدی کورد و شالاّوی عێراقی بە ناوی (ئەنفال) لە ماوەی سالاّنی (١٩٨٧–١٩٨٩)دا.

جێگەی باسە, ئەم تێزە یەکێکە لە هەوڵە زانستییە پڕبایەخەکان, تووێژەر بە شێوەیەکی زانستی بابەتەکانی خستۆتەڕوو و بە قووڵی چووەتە نێو پرسە گرنگەکانی تایبەت بە کوردەوە. هەرچی تایبەتە بە سەرچاوەکان, تووێژەر چەندین بەڵگەنامەی ئەرشیفی لە ئەرشیفی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیای فیدراڵ بەکارهێناوە لەگەڵ چەندین ئەرشیفی ئیلیکترۆنی بە زمانی ئینگلیزی و بەڵگەنامەی بلاّوکراوە, هاوکات سوودی لە چەندین بیرەوەریی, یادداشتنامە و چاوپێکەوتن بینیووە لەگەڵ کۆمەڵێك ڕۆژنامە, کتێب و توێژینەوەی زانستی بە زمانی ڕووسی و ئینگلیزی, تەنانەت بە زمانی عەرەبیش کتێبێکی (پ.د. عوسمان عەلی) بەکارهێناوە بە ناونیشانی: (چەند لێکۆڵینەوەیەك

دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد) [٩], بێگوومان چەندین تێزی دکتۆراشی بە هەردوو زمانی ڕووسی و ئینگلیزی تێدا بەکارهێناوە[١٠].

**بەرگی پێشەوەی تێزی دکتۆرای: (سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە کوردستانی عێراق لە ماوەی سالانی (١٩٤٥–١٩٨٩)).**

Федеральное государственное бюджетное образовательное учреждение
высшего образования
«Вятский государственный университет»

*На правах рукописи*

Сенников Алексей Иванович

# ПОЛИТИКА США В ОТНОШЕНИИ ИРАКСКОГО КУРДИСТАНА В 1945–1989 гг.

Специальность 07.00.03 – всеобщая история (новая и новейшая)

ДИССЕРТАЦИЯ
на соискание учёной степени кандидата исторических наук

Научный руководитель
доктор исторических наук,
профессор В. Т. Юнгблюд

Киров 2020

## چوارەم: چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك) و ڕۆڵی لە خەباتی چەکداری کوردیی تورکیا لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٣-١٩٩٩)

چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك) و ڕۆڵی لە خەباتی چەکداری کوردیی تورکیا لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٣–١٩٩٩), تێزی دکتۆرا–کاندیداتی ناووکی (س.ڤ. دێمیدێنکۆ)یە, بە سەرپەرەشتی پرۆفیسۆر دکتۆر (ئ.ی. خاڤانۆڤ) لە شاری مۆسکۆ نووسراوە, ساڵی (٢٠٠٣) پێشکەشی زانکۆی پەروەردەیی شاری مۆسکۆ کراوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا–کاندیداتی ناووك لە بواری مێژوو لە پسپۆڕی مێژووی گشتیدا. جگە لە پێشەکی, ئەنجام, پەراوێز و سەرچاوەکان و لیستی ژێدەر و سەرچاوەکان, تێزەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە لەگەڵ چەند تەوەرەیەك لە دووتوێی (٢١٣) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە تورکیادا لە ماوەی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم و دەرکەوتنی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك), کە سێ تەوەرەی لێدەبێتەوە, تێیدا تووێژەر بارودۆخی نەتەوەی کورد لە تورکیا لە ماوەی ئەم ساڵانەدا خستۆتەڕوو لەگەڵ ڕێکخراوە ڕامیاریییە کوردییەکان لە سەروبەندی دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك), پاشان باس لە

دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك) و خەباتی لە پێناوی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەکات.

بەشی دووەم: ڕێکخستنی ناوەخۆیی حیزب, ئامانج, ئەرك و میتۆدەکانی خەبات, کە لەم تەوەرانە پێکدێت, وەکو: ئایدۆلۆجیای خەبات, هەندێك لایەنی سۆسیالیزمی نەتەوەیی کورد و کۆڵەکەی حیزب و ڕێکخستنی ناوەخۆیی حیزب.

بەشی سێیەم: چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك) پاش ساڵی (١٩٨٤), گۆڕینی بنەما سەرەکییەکانی بەرنامەیان, کە سێ تەوەرەی لێدەبێتەوە, لەم بەشەدا بابەتی چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك) لە چوارچێوەی دۆخی جیۆپۆلەتیکی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٤–١٩٩٨)دا خراوەتەڕوو لەگەڵ پەیوەندییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك) لەگەڵ یەکێتی سۆڤییەت و ڕووسیادا, دوا تەوەرەش تەرخانکراوە بۆ باسی چالاکییەکانی حیزب لە ساڵی (١٩٩١), گۆڕین لە پرۆگرامی دامەزراوەکان و ستراتیجی خەباتکردن. جێگەی باسە, تۆێژەر چەندین سەرچاوەی هەمەجۆری تێدا بەکارهێناوە بە هەر سێ زمانی ڕووسی, ئینگلیزی و کوردیی بە تیپی لایتینی[١١]. بێگوومان بۆ کاتی خۆیی و ئێستاش پڕبایەخە, ئەوە نزیکەی بیست ساڵ بەسەر ئەم تێزە تێدەپەڕێت.

**بەرگی پێشەوەی تێزی دکتۆرای: (س.ڤ. دێمیدێنکۆ), بە ناونیشانی: (چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك) و ڕۆڵی لە خەباتی چەکداری کوردیی تورکیا لە ماوەی سالاٚنی (١٩٧٣–١٩٩٩) ).**

Московский городской педагогический университет

Тема:

**Деятельность Рабочей партии Курдистана (РПК) и ее роль в вооруженной борьбе турецких курдов (1973-1999 гг.)**

Специальность: 07.00.03 Всеобщая история

Соискатель С.В.Демиденко
Научный руководитель д.и.н. профессор Е.И.Хаванов

Москва 2003

## پێنجەم: کورد لە مێژوو و سیاسەتی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەی نۆزدەهەم-سەرەتای سەدەی بیستەم

کورد لە مێژوو و سیاسەتی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەی نۆزدەهەم–سەرەتای سەدەی بیستەم, تێزی دکتۆرا–کاندیداتی ناووک (پۆبێدۆنۆستسێڤا کایا ئەنژێلیکا ئۆلێگۆڤنە)یە, بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر دکتۆر (دیاکۆڤ نیکۆلاێ نیکۆلاێڤیچ) نووسراوە, ساڵی (٢٠١٦) پێشکەشی زانکۆی دەوڵەتیی سانکت پێتێربورگ کراوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا–کاندیداتی ناووک لە مێژوودا لە پسپۆڕی مێژووی گشتیدا.

جگە لە پێشەکی, ئەنجام, لیستی ژێدەر و سەرچاوە بەکارهاتووەکان و پاشکۆ, تێزەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە, لە دووتوێی (١٦٩) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: کورد لە وولاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستدا: قۆناغەکانی مێژووی ئیتنۆکولتووریی و کۆڵەکە کۆمەڵایەتییە نەریتییەکان, کە سێ تەوەرەی لێدەبێتەوە, تۆێژەر تیشکی خستۆتە سەر بابەتی پێکهاتەی خێڵەکی کۆمەڵگای کوردی, پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووورییەکان, عەشیرەتە کوردییەکان و دەسەڵات و حکومەتی ناوەندیی.

بەشی دووەم: پرسی کورد لە مێژوو و سیاسەتی ڕووسیا لە سەدەی هەژدەهەم–سەدەی نۆزدەهەم, ئەم تەوەرانەی لێپێکدێت: کورد لەو ناوچانەی کەوا هاوسنوورن لەگەڵ ڕووسیادا, پرسی زەوی سەبارەت بە دانیشتووانی کورد لە قەفقازدا, پرسی کورد: پێکهێنان و کاریگەری بەسەر سیاسەتی ڕووسیا لەناوچەکەدا.

بەشی سێیەم: کورد و ڕکابەری هێز و دەسەلآت لە ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستدا لە سەدەی نۆزدە و بیستدا, کە لەم چەند تەوەرەیە پێکدێت: چالاکی میسیۆنەرەکان لە کوردستاندا, پێکهێنانی پرسی ئەرمەن و یەکەکانی حەمیدییە, عەبدولڕەزاق بەدرخان و هەلوێستی ڕووسیا بەرانبەر بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد.

شیاووی باسە, تویژەر لە ناوەڕۆکی تێزەکەیدا, هەندێك خشتەی تایبەت بە ژمارە و دانیشتوانی کورد لەو ماوەیە خستۆتەڕوو, هەرچی تایبەتە بە سەرچاوە و ژێدەرەکان, تویژینەوەکە پشتبەستووە بە چەندین سەرچاوەی هەمەجۆر بە زمانی جیاجیاکان, وەکو ئەرشیف و کتێب, بە زمانەکانی ڕووسی, تورکی, ئینگلیزی, کوردی بە تیپی لاتینی–(کرمانجی) و فارسی[١٢].

بێگوومان ئەم تێزە یەکێکە لە کارە زانستییە هەر باشەکان کە لە بارەی کوردناسییەوە نووسرابێت, کاتی خۆیی پیشنیارم کرد بۆ برادەرێکی خۆم, کە ئەم تێزە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی, دیارە ڕێکنەکەوت.

جێگەی باسە, خاتوو ئەنژەلیکا مامۆستایە لە زانکۆی دەوڵەتی سانکت پێتێربورگ, چەند زمانێك دەزانێت, زۆر بە ووردیی و قوولی کار لە بارەی کوردناسییەوە دەکات, تەنانەت زمانی نووسینیشی جیاوازە. لە پەیوەندییەکم لەگەڵ ئەو خاتوونە بەڕێزە, باسی لەوەکرد کە بە نیازە

**هەندێك دەستكاری بكات پاشان بە زمانی ڕووسی تێزەكەی بلاۆ بكاتەوە, ئەو كات ئیتر ئاسان دەبێت و هەر كەسێك بیەوێت دەتوانێت وەریبگێڕێت.**

بەرگی پێشەوەی تێزی دکتۆرای: (پۆبێدۆنۆستسێڤا کایا ئەنژێلیکا ئۆلێگۆڤنە), بە ناونیشانی: (کورد لە میژوو و سیاسەتی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەی نۆزدەهەم–سەرەتای سەدەی بیستەم).

**Федеральное государственное бюджетное образовательное**
**учреждение высшего образования**
**«Санкт-Петербургский государственный университет»**

*На правах рукописи*

**ПОБЕДОНОСЦЕВА КАЯ Анжелика Олеговна**

# КУРДЫ В ИСТОРИИ И ПОЛИТИКЕ РОССИИ НА БЛИЖНЕМ ВОСТОКЕ В XIX – НАЧАЛЕ XX ВВ.

**Диссертация на соискание ученой степени**
**кандидата исторических наук**

**Специальность: 07.00.03 – Всеобщая история**

**Научный руководитель:**
**доктор исторических наук,**
**профессор Дьяков Николай Николаевич**

**Санкт-Петербург**
**2016**

## شەشەم: پرسی کورد لە کۆماری تورکیادا لە ماوەی سالانی (١٩٩٠-٢٠٠٥)

پرسی کورد لە کۆماری تورکیادا لە ماوەی سالانی (١٩٩٠–٢٠٠٥), تیژی دکتۆرا–کاندیداتی ناووکی: (ئەخمێدۆڤ نێیوب ئەخمێد ئۆگلی)یە, پێشکەشی زانکۆی دەولەتیی تۆمسك بۆ توێژینەوەی نیشتیمانی کراوە, تێزەکە بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (یۆ.ف. ترۆیتسکیی) نووسراوە, ساڵی (٢٠١٤) لە شاری تۆمسك گفتوگۆی لە بارەوە کراوە و توێژەر بڕوانامەی دکتۆرا–کاندیداتی ناووکی بەدەستهێناوە لە بواری مێژوو لە پسپۆڕی مێژووی گشتی–ماوەی نوێ و هاوچەرخ. جگە لە پێشەکی, ئەنجام, لیستی کورتکراوە بەکارهێنراوەکان و لیستی ژێدەر و سەرچاوە بەکارهاتووەکان, تێزەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت لەگەڵ چەند تەوەرەیەك لە دووتوێی (٢٥٨) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاریی کوردستانی تورکیا لە ماوەی سالانی (١٩٩٠–٢٠٠٥), کە سێ تەوەرەی لێدەبێتەوە, وەکو بابەتی: بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستانی تورکیا لە ماوەی سالانی (١٩٩٠–٢٠٠٥), تایبەتمەندییە گشتییەکانی بارودۆخی ڕامیاریی کوردستانی تورکیا لە ماوەی سالانی

(١٩٩٠–٢٠٠٥) و سیاسەتی دەسەلاّتدارانی تورکیا لە پرسی کورد لە ماوەی سالاّنی (١٩٩٠–٢٠٠٥)دا.

بەشی دووەم: خەباتی ڕامیاری لە کوردستانی تورکیا لە ماوەی سالاّنی (١٩٩٠–٢٠٠٥), ئەم بەشە لە دوو تەوەرە پێکدێت, کە تێیدا بابەتی ڕەوتە ڕامیارییە سەرەکییەکانی کوردستانی تورکیا, ستراتیجێتیان و شێوازی خەباتیان لە ماوەی سالاّنی (١٩٩٠–٢٠٠٥)دا و خەباتی ڕامیاری و چەکداریی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) لە ماوەی سالاّنی (١٩٩٠–٢٠٠٥) خراوەتەڕوو.

شیاووی باسکردنە, توێژەر لە ناوەڕۆکی تێزەکەیدا, چەند ئاماری بە شێوەی خشتە بلاّو کردۆتەوە لە بارەی تورکیاوە, هەرچی تایبەتیشە بە کورد و کوردستانی تورکیا, لە لاپەڕە (٣٦)–(٣٧) چەند خشتەیەکی لەمەڕ دانیشتوان و ژمارەی کوردستانی تورکیا بلاّوکردۆتەوە. توێژەر لەم هەوڵە زانستییەیدا پشتی بە چەندین سەرچاوەی هەمەجۆر بەستووە, بە دەیان و سەدان سەرچاوەی بە زمانەکانی ڕووسی, ئینگلیزی و تورکی تێدا بەکارهێناوە[١٣]. بێگوومان ئەم کارەی توێژەر, دەچێتە چوارچێوەی ئەو کارانەی کە شوێن و جێگەی تایبەتی خۆیان هەیە لە بواری کوردناسیدا, بۆیە دەکرێت وەکو سەرچاوەیەکی زانستی پڕبایەخ تەماشابکرێت.

**بەرگی پێشەوەی تێزی دکتۆرای: (ئەحمێدۆڤ نێیوب ئەحمێد ئۆگڵی), بە ناونیشانی: (پرسی کورد لە کۆماری تورکیادا لە ماوەی سالأنی (۱۹۹۰–۲۰۰۵) )دا.**

Федеральное государственное бюджетное образовательное учреждение
высшего профессионального образования
«Национальный исследовательский Томский государственный университет»

На правах рукописи

Ахмедов Теюб Ахмед оглы

# Курдский вопрос в Турецкой республике (1990–2005 гг.)

07.00.03 – Всеобщая история (новое и новейшее время)

Диссертация
на соискание ученой степени
кандидата исторических наук

Научный руководитель:
доктор исторических наук, доцент
Е.Ф. Троицкий

Томск – 2014

## حەوتەم: پرسی کورد لە سیاسەتی تورکە لاوەکان لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی و سیاسەتی کوردیی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا لە ماوەی ساڵانی (١٩٠٨-١٩١٤)

پرسی کورد لە سیاسەتی تورکە لاوەکان لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی و سیاسەتی کوردیی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا لە ماوەی ساڵانی (١٩٠٨–١٩١٤), تێزی دکتۆرا–کاندیداتی ناووکی (ئاباك تیبێر)ە, ساڵی (٢٠١٧) پێشکەشی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی کردووە سەر بە ئەکادیمیای زانستی ڕووسیا, تێزەکە بە سەرپەرشتی دکتۆر (ڤێرتیایێڤ کیریڵڵ ڤالێنتینۆڤیچ) نووسراوە, هەر لە هەمان ساڵدا لە مۆسکۆ گفتوگۆی لە بارەوە کراوە و بڕوانامەی دکتۆرا–کاندیداتی ناووکی بەدەستهێناوە لە بواری مێژوو لە پسپۆڕی مێژووی گشتی–ماوەی نوێ و هاوچەرخ. جگە لە پێشەکی, ئەنجام, لیستی ژێدەر و سەرچاوە بەکارهاتووەکان و پاشکۆ, تێزەکە لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە لە دووتوێی (٢٣٧) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: لە بارەی مێژووی سەرهەڵدانی پرسی کورد لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەهەمدا, تویژەر هەوڵیداوە سەرەتا بارودۆخی کارگێڕی کوردیی دەوروبەری شارەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بخاتەڕوو لەگەڵ باسی گواستنەوەی سیاسەتی مەرکەزیی لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا, دواتر باس لە بەهێزیی و کاریگەری شێخەکان

دەکات لە نێو کورددا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزهەمدا لەگەڵ دامەزراندنی یەکەکانی حەمیدییە و تۆندبوونەوەی دژایەتی کورد و ئەرمەن لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا.

بەشی دووەم: پرسی کورد لە سیاسەتی تورکە لاوەکان لە ماوەی گەڕاندنەوەی پڕێمی دەستووری لە ماوەی ساڵانی (١٩٠٨–١٩١١), کە ئەم بابەتانەی باسکردووە: ئامانجە ڕامیارییەکانی پڕێمی تورکە لاوەکان, هاوکاری لیژنەی تورکە لاوەکان لەگەڵ ڕێکخراوی (داشناکتسیوتیون)ی ئەرمەنیدا و هەڵوێستی سەرکردەکانی کورد لە پڕێمی نوێدا, هەوڵی حوسێن پاشا حەیدەرانلی بۆ بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی ڕووسیی و گۆڕینی سیاسەتی تورکە لاوەکان بەرانبەر بە کورد لە ساڵی (١٩١١).

بەشی سێیەم: سیاسەتی ڕووسیا بەرانبەر بە کوردیی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی پاش شۆڕشی تورکە لاوەکان, سەرەتا باس لە دۆخی سیاسەتی دەرەوەی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا لە سەرەتای سەدەی بیستەم و بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا لە ئاسیای بچووک دەکات, دواتر بابەتی بایەخدانی ڕووسیا بە عەشیرەتە کوردییەکان و پەرەسەندنی ئاڕاستەی لایەنگریی ڕووسیا لە نێو سەرکردەی عەشیرەتەکانی کورددا, پاشان عەبدولڕەزاق بەدرخان: چالاکییەکانی ئەو سەرکردە کوردانەی کەوا لایەنگریی ڕووسیا بوون دەخاتەڕوو.

بەشی چوارەم: تەرخانکراوە بۆ گۆڕانکاری لە سیاسەتی نەتەوەیی تورکە لاوەکان لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانیدا, کە چوار تەوەرەی لێدەبێتەوە, ئەویش بریتییە لە بابەتەکانی: پەرەسەندنی ئایدۆلۆجیای تورکە لاوەکان لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانیدا:

لە عوسمانیزمەوە بۆ تورکیزم, گەڕانەوەی تورکە لاوەکان لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کورد بۆ سیاسەتی ڕژێمی عەبدولحەمید لە ماوەی سالأنی (١٩١١-١٩١٤), پەیوەندییەکانی ڕووسیا و عوسمانی لە چوارچێوەی پرسی کورد لە باکووری ڕۆژئاوای ئێراندا, ڕاپەڕینی بەدلیس لە سالّی (١٩١٤).

بێ دوو دلّی ئەم تێزە یەکێکە لە کارە زانستییەکان لەو بارەیەوە, کە دەکرێت وەکو سەرچاوەیەکی زانستیی قوولّ و وورد تێیبڕوانین, تووێژەر بە دەیان و سەدان سەرچاوەی هەمەجۆری بە زمانەکانی, ڕووسی, ئینگلیزی و تورکی بەکارهێناوە, سەرچاوەکانیش جیاوازن وەکو ئەرشیف و کتێب و هیتر, بۆ نموونە: لە بابەتی ئەرشیفدا, ئەرشیفی سیاسەتی دەرەوەی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا و ئەرشیفی میژووویی-سەربازیی دەوڵەتی ڕووسی بەکارهێناوە بە زمانی ڕووسی, هەروەها ئەرشیفی عوسمانیشی بەکارهێناوە. لە بەشی پاشکۆشدا چەند بەڵگەنامەیەکی بە زمانی ڕووسی بلاّوکردتەوە, کە هەرهەموویان بەسەر یەکەوە (١١) یازدە لاپەڕە دەبێت[١٤].

**بەرگی پێشەوەی تێزی دکتۆرای: (ئاباك تیبێر)، بە ناونیشانی: (پرسی کورد لە سیاسەتی تورکە لاوەکان لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی و سیاسەتی کوردیی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا لە ماوەی سالاّنی (١٩٠٨–١٩١٤) ).**

**Федеральное государственное бюджетное учреждение науки**
**Институт востоковедения Российской академии наук**

*На правах рукописи*

**АБАК Тибет**

# КУРДСКИЙ ВОПРОС В ПОЛИТИКЕ МЛАДОТУРОК В ПРЕДДВЕРИИ ПЕРВОЙ МИРОВОЙ ВОЙНЫ И КУРДСКАЯ ПОЛИТИКА РОССИЙСКОЙ ИМПЕРИИ (1908–1914 гг.)

**Специальность: 07.00.03 – Всеобщая история (Новое и новейшее время)**

**Диссертация на соискание ученой степени**
**кандидата исторических наук**

**Научный руководитель:**
**кандидат политических наук**
**Вертяев Кирилл Валентинович**

**Москва 2017**

## هەشتەم: پرسی کورد لە ململانێی ڕامیاریی لە سوریادا پاش ساڵی (٢٠١١)

پرسی کورد لە ململانێی ڕامیاریی لە سوریادا پاش ساڵی (٢٠١١)، تێزی دکتۆرا–کاندیداتی ناووکی (مازور ئۆلگا ئەناتۆلیێڤنا)یە، پێشکەشی بەشی زانستی ڕامیاری ڕۆژهەلاّت، پەیمانگای وولاّتانی ئاسیا و ئەفریقا کراوە لە زانکۆی دەولّەتی مۆسکۆ بەناوی (م.ڤ. لۆمۆنۆسۆڤ)ەوە، تێزەکە بە سەرپەرەشتی پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (ڤاسیّتسۆڤا ئێلێنا سێرگێێڤنا) نووسراوە، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا–کاندیداتی ناووك لە بواری زانستی ڕامیاری لە پسپۆڕیی کێشە ڕامیارییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، گەشەپێدانی جیهانی و ناوچەیی، ساڵی (٢٠١٦) لە شاری مۆسکۆ گفتوگۆی لە بارەوە کراوە. جگە لە پێشەکی، ئەنجام و لیستی ژێدەر و سەرچاوەکان، تێزەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە لەگەلّ چەند تەوەرەیەکدا لە دووتوێی (٢٠٦) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: تەرخانکراوە بۆ باسی بنەمای تیۆریی، میتۆدلۆجی و مێژوورییەکانی توێژینەوە، ئەم باسانەی لێدەبێەوە وەکو: میتۆدلۆجی چەمکی ململانێی ڕامیاری، پۆلێنکردنی ململانێ ڕامیارییەکان، دروستبوون و ڕێگای مێژوویی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە

ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستدا, كرۆك و تایبەتمەندییە سەرەكییەكانی بزووتنەوەی ڕامیاری كورد.

بەشی دووەم: تەرخانكراوە بۆ باسی ململانێی ڕامیاری لە سوریادا, كە چوار تەوەرەی لێدەبێتەوە وەكو: تایبەتمەندیی سیستەمی ڕامیاری سوریا, هۆكارەكانی قەیرانی سوریا, كرۆنۆلۆجیای ململانێی نێودەوڵەتی سوریا, هەوڵەكانی چارەسەركردنی قەیرانی سوریا.

بەشی سێیەم: باس لە دینامیكی پرسی كورد دەكات لە ململانێی ڕامیاری لە سوریادا, ئەم بابەتانەی تێدا خراوەتەڕوو وەكو: هۆكارەكانی سەرهەڵدانی پرسی كورد لە سوریادا, تایبەتمەندیی بزووتنەوەی ڕامیاری كورد لە سوریادا لە قۆناغی هاوچەرخدا, كۆتا بابەتیش تەرخانكراوە بۆ ئاسۆكانی چارەسەركردنی پرسی كورد لە سوریادا. شیاووی باسە, تۆێژەر هەوڵێكی زانستی باشی داوە بۆ خستنەڕووی پرسی كورد لە سوریادا لە پاش ساڵی (٢٠١١), لە ڕوانگە و دیدی ڕامیارییەوە پرس و باسەكانی شیكردۆتەوە, بە دەیان سەرچاوەی جیاجیای بە زمانەكانی, ڕووسی, ئینگلیزی و عەرەبی تێدا بەكارهێناوە, كە هەرهەموویان بەسەر یەكەوە (٢٠٨) سەرچاوەیە[١٥].

**بەرگی پێشەوەی تێزی دکتۆرای: (مازور ئۆلگا ئەناتۆلیێڤنا), بە ناونیشانی: (پرسی کورد لە ململانێی ڕامیاریی لە سوریادا پاش ساڵی (٢٠١١) ).**

МОСКОВСКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ УНИВЕРСИТЕТ
имени М.В. ЛОМОНОСОВА

ИНСТИТУТ СТРАН АЗИИ И АФРИКИ
КАФЕДРА ПОЛИТОЛОГИИИ ВОСТОКА

На правах рукописи

**Мазур Ольга Анатольевна**

# КУРДСКИЙ ВОПРОС В ПОЛИТИЧЕСКОМ КОНФЛИКТЕ В СИРИИ (ПОСЛЕ 2011 ГОДА)

Специальность 23.00.04 –
«Политические проблемы международных отношений, глобального и регионального развития»

Диссертация на соискание ученой степени
кандидата политических наук

Научный руководитель:
кандидат политических наук, доцент
ВАСЕЦОВА ЕЛЕНА СЕРГЕЕВНА

МОСКВА – 2016

## پەراوێز و سەرچاوەکانی بەشی یەکەم

1- Исмет Конак. Курды СССР в 1920 – 30-ые гг.: процессы
адаптации и интеграции в советскую систему, М. 2010.
2-Гугняк К. М.Курды в рамках этностатусной системы Турции в республиканский период, Екатеринбург., 2015.
3-Земцова Юлия Алексеевна. Курдский вопрос в современной системе международных отношений, Екатеринбург. 2017.
4-Крохалев Юрий Юрьевич. Проблема курдской государственности в международных отношениях конца XX - начала XXI в.Екатеринбург,. 2018.
5-Дакешева Мария Мерболовна."Курдские вопрос" В современных турецко-сирийских отношениях. Санкт-петербур., 2019.
6-Магомедханов Виктор Магомдович. Иранский Курдистан в политике СССР во второй половине 1930-1940х гг.Елец. 2015.
7-Магомедханов В.М. Курды забытые союзники СССР, М., 2020.

8-Веденеев Илья Николаевич. Курдское национальное движение Ирака и турции в 1918-1980 гг. факторы взаимовлияния, М, 2021.
9-Сенников Алексей Иванович. Политика США в отношении Иракского курдистана в 1945-1989 гг. Киров., 2020.
١٠-عثمان علي، الحركة الكردية المعاصرة-دراسة تاريخية وثائقية (١٨٣٢-١٩٤٦)، الطبعة الثالثة، مكتب التفسير للنشر والاعلان، أربيل، ٢٠١١.
11-Демиденко.С.В.Деятельность Рабочей партии Курдистана (РПК) и ее роль в вооруженной борьбе турецких курдов (1973-1999 гг.). М, 2003.
12-Победоносцева кая Анжелика Олеговна. Курды в истории и политике России на ближнем востоке в XIX – начале XX вв. Санкт-Петербург. 2016.
13-Ахмедов Теюб Ахмед оглы. Курдский вопрос в Турецкой республике (1990–2005 гг.), Томск., 2014.
14-Абак Тибет. Курдский вопрос а политике младотурок в преддверии первой мировой войны и курдская политика российской империи (1908–1914 гг.), М. 2017.
15-Мазур Ольга Анатольевна. Курдскийй вопрос в политическом конфликте в Сирии (после 2011 года), М., 2016.

## بەشی دووەم

# مێژووی کورد لە دووتوێی چەند سەرچاوەیەکی ڕووسیدا(٧)

(٧) ئامانج نازم بیجان, مێژووی کورد لە دووتوێی چەند سەرچاوەیەکی ڕووسیدا, (ئاژین)–گۆڤار, ژمارە (٦), زانکۆی سۆران, زستان و بەهاری (٢٠٢٤), ل٣١–٤٤.

## ووتەی بەرایی

لە ڕووسیای فیدراڵدا, سالأنە چەندین کتێب و ووتار و توێژینەوەی زانستیی بە زمانی ڕووسی لەمەڕ مێژووی کوردستان و پرسی کورد بلاودەبێتەوە. جێگەی خۆیەتی ئەو هەوڵ و ماندووبوون و بایەخدانەی کوردناسانی ڕووس پشتگوێ نەخرێت و ئاوڕی جیددی لێبدرێتەوە. هەڵبەت کاتی خۆیشی, لە سەدەی ڕابردوو بە دەیان و سەدان کتێب و توێژینەوەی گرنگ لەو بارەیەوە بلاوکراوەتەوە, بەداخەوە وەکو پێویست بایەخیان پێنەدراوە.

خوێنەری هێژا, لێرەدا هەوڵدەدەین چەند سەرچاوەیەکی ڕووسی لەمەڕ مێژوو و پرسی کورد بخەینەڕوو. سەرچاوەکانیش بریتین لە چەند کتێبێك بە زمانی ڕووسی. بێگوومان کاری نووسین و ڕێبازی توێژینەوە و چاپ و بلاوکردنەوە لە ڕووسیادا لە چەند ڕوویەکەوە جیاوازە. هەوڵماندداوە بە کورتی و پوختی کتێبەکان بە خوێنەری کورد بناسێنین, لەو کورتە باسەی خستومانەتەڕوو, خوێنەر دەتوانێت بە ئاسانی پێیان ئاشنابێت.

جێگەی باسە, ئەم کتێبانەی دەخرێنەڕوو, هیچیان وەرنەگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی یاخود عەرەبی. بە مەبەستی ئاشنابوون و ناساندن, هەر سەرچاوەیەك کورتە باسێکی خراوەتەڕوو لەگەڵ وێنەی بەرگی

**کتێبەکە, لە کۆتایشدا لە لیستی سەرچاوەکاندا, ناوی هەموو سەرچاوەکانمان تۆمارکردووە, بە هیوای ئەوەی لە داهاتوودا کار و تۆێژینەوەی زیاتر لەو بارەیەوە ئەنجامبدرێت.**

## یەکەم: پرسی کورد لە ململانێی ڕامیاریی لە سوریادا

پرسی کورد لە ململانێی ڕامیاریی لە سوریادا, لە لایەن (ئۆ.ئا. مازور)ەوە نووسراوە, لە بڵاوکراوەکانی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نزیك, ساڵی (٢٠١٩) لە شاری مۆسکۆ چاپ و بڵاوکراوەتەوە. جگە لە پێشەکی, ئەنجام و لیستی ژێدەر و سەرچاوەکان, کتێبەکە لە پێنج بەشی سەرەکی پێکهاتووە لە دووتوێی (١٢٢) لاپەڕەدا.

جێگەی باسە, لاپەڕە (٤)ی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ ناساندنی (مازور ئۆلگا ئەناتۆلیێڤنا)ی ڕۆژهەڵاتناس, عەرەبناس و کوردناس, نێوبراوو دەرچووی زانکۆی دەوڵەتیی مۆسکۆ بە ناوی (م.ڤ . لۆمۆنۆسۆڤ)ەوە ساڵی (٢٠١٣), نووسەر خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە پسپۆری زانستی ڕامیاریدا, کە ساڵی (٢٠١٧) بەدەستیهێناوە. دواتر کورتەیەك لە ژیانی زانستی و بایەخ و کار و پسپۆڕیی نێوبراوو خراوەتەڕوو.

بەشی یەکەم: دروستبوون و ڕێگا مێژوویییەکانی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست. بەشی دووەم: کرۆك و تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی ڕامیاری کورد. بەشی سێیەم: هۆکارەکانی سەرهەڵدانی پرسی کورد لە سوریادا. بەشی چوارەم: تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی ڕامیاری کورد لە سوریا لە قۆناغی ئێستادا. بەشی پێنجەم: ئاسۆکانی پرسی کورد لە سوریادا.

نووسەر چەندین سەرچاوەی هەمەجۆری لەم کتێبەدا بەکارهێناوە بە زمانەکانی: ڕووسی, ئینگلیزی و عەرەبی, کە هەر هەموویان بەسەر یەکەوە (٢٠٨) سەرچاوەیە. ئەم کتێبە بە تیراژی (٢٠٠) دانە چاپ و بلاوکراوەتەوە[١]. پێدەچێت ئەم بەرهەمە, هەر ئەو تێزە بێت کە لەمەوبەر خستمانەڕوو, کە بە شێوەی کتێب چاپکراوەتەوە.

**پرسی کورد لە ململانێی ڕامیاری لە سوریادا, لە نووسینی: (ئۆ.ئا. مازور).**

ИНСТИТУТ БЛИЖНЕГО ВОСТОКА

**О.А. Мазур**

# Курдский вопрос в политическом конфликте в Сирии

Москва 2019

## دووەم: کوردستانی عێراق لە قۆناغی هاوچەرخدا لە ماوەی سالآنی (١٩٩١-٢٠١١)

کوردستانی عێراق لە قۆناغی هاوچەرخدا لە ماوەی سالآنی (١٩٩١–٢٠١١), لە لایەن (س.م. ئیڤانۆڤ)ەوە نووسراوە و لە لایەن (ئۆ.ی. ژیگالینا)–(١٩٤٦–٢٠١٣)ەوە پێداچوونەوەی بۆکراوە, لە بلآوکراوەکانی پەیمانگای ئابووری جیهانی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی سەر بە ئەکادیمیای زانستی ڕووسیا سالّی (٢٠١١) لە شاری مۆسکۆ چاپ و بلآوبۆتەوە.

جگە لە پێشەکی و ئەنجام, کتێبەکە لە چوار بەشی سەرەکی پێکدێت لەگەلّ چەند تەوەرە و باسێکدا لە دووتوێی (٨٦) لاپەڕەدا. لە لاپەڕە (٢)ی کتێبەکەدا پوختەیەك بە زمانی ڕووسی و ئینگلیزی لە بارەی کتێبەکەوە نووسراوە.

بەشی یەکەم: کاریگەری هۆکارە دەرەکییەکان لەسەر پڕۆسەی ڕامیاری لە عێراق و پەرەپێدانی ئۆتۆنۆمی کوردیی عێراق لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا. ئەم بەشە لە سێ تەوەرە پێکدێت, نووسەر سەرەتا تیشکی خستۆتە سەر دامەزراندنی (ناوچەی ئارام–سەلامەتی) لە کوردستانی عێراق پاش جەنگ لە کەنداوی فارسی و زالّبوون بەسەر ململانێی نێوخۆیی کورد, دواتر پرسی سیاسەتی دەوڵەتانی هاوسێی عێراق بەرانبەر بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردی لە ماوەی دیاریکراوی

تۆێژینەوەکەدا, هەروەها تەوەرەی سێیەمیش تەرخانکراوە بۆ گۆڕانکاری لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردی لە سەروبەند و ماوەی ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێن و کاریگەریی هۆکارە دەرەکییەکان لەسەریان.

بەشی دووەم: خەباتی کوردیی عێراق لە پێناو فراوانبوون و بەیاساییکردنی سەربەخۆیی دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێن کە لە چوار تەوەرە پێکدێت, نووسەر تێیدا باس لە کاریگەری چەمکی ئەمریکی بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە لەسەر ڕووداوەکانی ناو ئۆتۆنۆمی کورد و دەوروبەری دەکات, دواتر باسی بەشداری کورد دەکات لە پڕۆسەی ڕامیاری لە عێراق لە ماوەی سالاْنی (٢٠٠٤–٢٠٠٥) لە بارودۆخی داگیرکردنی وولاْت لە لایەن هێزەکانی بێگانەوە بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا, جێبەجێکردن و بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی کورد لە دەستووری کاتی عێراق, دواتر پرسی هەلبژاردنەکان لە پەرلەمانی عێراق و بەیاساکردنی دۆخی تایبەت بە کوردستانی عێراق خراوەتەڕوو.

بەشی سێیەم: هەلوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وولاْتانی تری بەرژەوەندیخواز و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد, کە خۆی لەشەش تەوەرەدا دەبینێتەوە. سەرەتا نووسەر باس لە هەلوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات بەرانبەر بە کوردیی عێراق لە ماوەی قەیرانی عێراق (٢٠٠٥–٢٠٠٧), پاشان باس لە سیاسەتی وولاْتانی تری بەرژەوەندیخواز دەکات, هەروەها ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد, هەلوێستی ئەنقەرە و دژبەرییەکانی تورکی–ئەمریکی لەمەڕ کێشەی

**کورد, هەڵوێستی دەسەلاّتدارانی ئێران لەمەڕ چارەسەرکردنی کێشەی کورد, هەڵوێستی سەرکردایەتی سوریا بۆ کێشەی کورد, هەڵوێستی ڕووسیا بەرانبەر کوردستانی عێراق و کێشەی کورد بەشێوەیەکی گشتی.**

**بەشی چوارەم: کوردستانی عێراق وەکو بابەتێکی فیدراڵی عێراقیی نوێ. نووسەر چەندین سەرچاوەی بە زمانی ڕووسی و ئینگلیزی بەکارهێناوە[٢].**

**کوردستانی عێراق له قۆناغی هاوچەرخدا له ماوەی سالآنی (١٩٩١–٢٠١١), له نووسینی (س.م. ئیڤانۆڤ).**

УЧРЕЖДЕНИЕ РОССИЙСКОЙ АКАДЕМИИ НАУК
ИНСТИТУТ МИРОВОЙ ЭКОНОМИКИ И МЕЖДУНАРОДНЫХ ОТНОШЕНИЙ РАН

**С.М. Иванов**

# ИРАКСКИЙ КУРДИСТАН
# НА СОВРЕМЕННОМ ЭТАПЕ
# (1991–2011 гг.)

Москва
ИМЭМО РАН
2011

## سێیەم: وەسفی کەرەستە کوردییەکانی ناوەندی نیشتیمانی دەستنووسەکانی جۆرجیا

وەسفی کەرەستە کوردییەکانی ناوەندی نیشتیمانی دەستنووسەکانی جۆرجیا, ئەم کتێبە لە لایەن (کەرەمێ ئانکۆسی)یەوە نووسراوە, تایبەت بە (١٠٠) ساڵەی زانای کوردیی بەناوبانگ, کوردناس: (کەنات کالاشۆڤیچ کوردۆیڤ)-(١٩٠٩-١٩٨٥).

کتێبەکە ساڵی (٢٠٠٩) لە جۆرجیا-تبیلیسی لە دووتوێی (٦٩) لاپەڕەدا چاپ و بلاوبۆتەوە. دیارە بە هەردوو زمانی ڕووسی و ئینگلیزی نووسراوە. جگە لە پێشەکی, بابەتی دەستنووسە کوردییەکان خراوەتەڕوو, کە بەشێوەیەکی ئاسان و سانا بە خوێنەر دەناسرێن و زانیاری تەواو خراوەتەڕوو لەو بارەیەوە, دواتر پاشکۆیشی بۆ نووسراوە[٣].

وەسفی کەرەستە کوردییەکانی ناوەندی نیشتیمانی دەستنووسەکانی جۆرجیا, لە نووسینی (کەرەمیٚ ئانکۆس).



## چوارەم: بیبلیۆگرافیای کتێب, ووتار و سەرەنجە بلاوکراوەکان

بیبلیۆگرافیای کتێب, ووتار و سەرەنجە بلاوکراوەکان, لە لایەن (کەریم ئانکۆسی)یەوە نووسراوە, ساڵی (٢٠١٤) لە شاری تبیلیسی چاپ و بلاوکراوەتەوە. هەروەکو لە ناونیشانەکەیدا دیارە, ئەم کتێبە بابەتە بلاوکراوەکانی نووسەر لەخۆدەگرێت. کتێبەکە بە هەر سێ زمانی: ڕووسی, ئینگلیزی و جۆرجی بلاوکراوەتەوە, کە تێیدا ناوی خۆی و ناونیشانی بابەتە بلاوکراوەکە و شوێن و ساڵی چاپ و تەنانەت لاپەڕەکانیشی نووسیووە.

لە سەرەتای کتێبەکەدا نووسەر چەند وێنەیەکی بلاوکردۆتەوە, پاشان بابەتەکانی لە ساڵی (١٩٥٨)ەوە بلاوکردۆتەوە, ڕەنگبێت ئەمە کۆنترین بابەتی بلاوکراوەی نووسەر بێت. جێگەی باسە, بابەتەکان تایبەتن بە ئایین, مێژوو, وێژە و زمانی کوردی. لە سەرەتاوە هەشت بابەتی یەکەمی بە هەر سێ زمانی ڕووسی, ئینگلیزی و جۆرجی نووسیووە, بەڵام لە ژمارە نۆ و دواتر تەنها بە ڕووسی و ئینگلیزی بابەتە بلاوکراوەکانی نووسیووە, لە چەند شوێنێکیش بە کوردی لاتینی نووسیوویەتی, ئیدی بەو شێوەیە هەتاوەکو کۆتایی گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

کتێبەکە نزیکەی (١١٣) بابەتی بلاوکراوە لەخۆدەگرێت, لە دووتوێی (٥٣) لاپەڕەدا. لە کۆتاییدا و لە لاپەڕە (٤١) لیستێکی کردۆتەوە بە ناونیشانی: (سەرنووسەر و بلاوکەرەوەی ڕۆژنامە), کە تێیدا ناوی ئەو ڕۆژنامانەی خستۆتەڕوو کە کاریان تێدا کردووە لەگەڵ سالّ و زمانەکەی, دیسانەوە بە هەرسێ زمانی: ڕووسی, ئینگلیزی و جۆرجی نووسیوویەتی. دواتر لاپەڕە (٤٢)ی کتێبەکەی تەرخانکردووە بۆ ژیاننامەی کەسیی خۆی, بە زمانی ڕووسی و ئینگلیزی, کە تێیدا ڕیککەوتی (٢٠١٣/٣/١٠)ی تۆمارکردووە[٤].

هەڵبەت ئەمە کارێکی زۆر باش و ناوازەیە, بە تایبەتی ئەو بابەتە بلاوکراوانەی کە تایبەتن بە مێژوو, زمان و کولتووری کورد, بۆیە یارمەتیدەرێکی باشی خوێنەرە ئەگەر مەبەستی بێت.

**بیبلیۆگرافیای کتێب , ووتار و سەرەنجە بلاۆکراوەکان, لە نووسینی (کەریم ئانکۆسی).**



## پێنجەم: مەلا موستەفا بارزانی-پۆرترێتێکی میژوویی

مەلا موستەفا بارزانی–پۆرترێتێکی میژوویی, لە لایەن کوردناسیی دیار و بەناوبانگ خاتوو (ئۆ.ی. ژیگالینا)–(١٩٤٦–٢٠١٣)ەوە نووسراوە, کتێبەکە لە بلاّوکراوەکانی پەیمانگای ڕۆژهەلاّتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستی ڕووسیایە, ساڵی (٢٠١٣) لە شاری مۆسکۆ لە دووتوێی (٢٤٠) لاپەڕەدا بە تیراژی (٢٠٠) دانە چاپ و بلاّوکراوەتەوە.

لە سەرەتای کتێبەکەدا کورتە و ناساندنێکی کتێبەکە خراوەتەڕوو, کە باسی بارزانی دەکات وەکو سەرکردەیەکی نەتەوەیی کورد لە ماوەی سالاّنی چل و حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا. جگە لە پێشەکی, بیبلیۆگرافیا–سەرچاوەکان و کورتەی بە زمانی ئینگلیزی, کتێبەکە لە هەشت بەشی سەرەکی پێکدێت.

بەشی یەکەم: سەرەتای خەباتی ڕامیاری موستەفا بارزانی. بەشی دووەم: مەلا موستەفا بارزانی وەکو سەرکردەی بارزانییەکان لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی. بەشی سێیەم: مانەوە و بوونی موستەفا بارزانی و یەکە و سەربازەکانی لە کوردستانی ئێراندا. بەشی چوارەم: مانەوەی مەلا موستەفا بارزانی لە یەکێتی سۆڤییەت. بەشی پێنجەم: مەلا موستەفا بارزانی–ڕێکخەری بزووتنەوەی ئۆتۆنۆمی کورد لە ماوەی سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا. بەشی شەشەم: موستەفا بارزانی–

**جەنگاوەر و خەباتگێڕی ئۆتۆنۆمی کورد لە ماوەی سالأنی (١٩٦٣-سەرەتای ١٩٦٨). بەشی حەوتەم: موستەفا بارزانی-جەنگاوەر و خەباتگێڕی مافی کوردیی عێراق لە ماوەی سالأنی (١٩٦٨-١٩٧٥). بەشی هەشتەم: سالأنی کۆتایی ژیانی موستەفا بارزانی.**

**هەرچی تایبەتە بە سەرچاوەکان, نووسەر چەندین سەرچاوەی هەمەجۆری وەکو: ئەرشیف, بەڵگەنامە, بیرەوەری, تێزی دکتۆرا, کتێب, ڕۆژنامە و سایتی ئیلیکترۆنی بە هەردوو زمانی ڕووسی و ئینگلیزی تێدا بەکارهێناوە[٥].**

**مەلا موستەفا بارزانی–پۆرترێتێکی مێژوویی, لە نووسینی (ئۆ.ی. ژیگالینا).**



## شەشەم: نیشتیمانی داستان-کولتووری کوردی لە چاو توێژەرانی ڕووس

نیشتیمانی داستان–کولتووری کوردی لە چاو توێژەرانی ڕووس, لە لایەن کۆمەڵێك ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی ڕووسەوە نووسراوە, کتێبەکە لە لایەن گازپڕۆم نەفتەوە ساڵی (٢٠١٤) لە دووتوێی (٢٣٩) لاپەڕەدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. کتێبەکە بە هەر چوار زمانی کوردی, عەرەبی, ڕووسی و ئینگلیزی نووسراوە.

لەم کتێبەدا هەندێك بابەتی گرنگ و سەرەکی خراوەتەڕوو وەکو: بابەتی بۆ خوێنەر کە لەلایەن (ئ.م. بریماکۆڤ)ەوە نووسراوە, (لێکۆڵینەوە کورددییەکان–ئاڕاستەی باو لە زانستی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیدا) لە نووسینی (ی.ف. پۆپۆڤا), (کورد لە کارەکان و ئەرشیفی پڕۆفیسۆر ڤلادیمێر مینۆڕسکیدا) لە لایەن (ز.ئا. یوسوپۆڤا)ەوە نووسراوە, (ل.م. ڕەڤەندی–فادای)یش بابەتی (کورد لە ئەرشیفی وێنەگرانی ڕووسیدا), هەندێك وێنەی پۆرترێتی (ڕۆژهەڵاتناسانی ڕووس–دامەزرێنەرانی لێکۆڵینەوە کورددییەکان لە ڕووسیادا) لەگەڵ بەرگی چەند بەرهەمێکی ڕووسی لەمەڕ کورد, هەرەوەها هەندێك وێنەی وێنەگرانی ڕووس–توێژەرانی کولتووری کوردی. پاشان بابەتێك تەرخانکراوە بۆ (وێنەکان لە ئەرشیفی پڕۆفیسۆر ڤ.ف. مینۆڕسکیی

(١٩٠٢–١٩١٧), چەند وێنە و وێنەی دەستکردی تێدا بلاوبۆتەوە, بە دەیان وێنەی هەمەجۆری تێدایە لەو بارەیەوە لەگەڵ ڕوونکردنەوەی پێویست لەمەڕ وێنەکە بە هەر چوار زمانەکە نووسراوە لەو بارەیەوە, ئەم بابەتە لە لایەن (ئ.ی. ڤاسیلیڤا)وە ئامادەکراوە. هەروەها بەشێك تەرخانکراوە بۆ (کاری وێنەگرانی ڕووس), لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم–سەرەتای سەدەی بیستەم, لە لایەن (ل.م. ڕەڤەندی–فادای) و (ك.ۋ. ڤێرتیاێڤ)ەوە تێبینی و سەرەنجەکان نووسراوە, لەم بەشەشدا بەهەمان شێوە, دەیان وێنەی مێژوویی بلاوکراوەتەوە, کە چەندین وێنەی دەگمەن و دانسقەی بایەخداری بە هەر چوار زمانەکە ڕوونکردنەوەی لە بارەوە دراوە, کۆتا بابەتیش تەرخانکراوە بۆ دەستەی سەرنووسەری بلاوکراوەکە, کە پەیمانگای دەستنووسە ڕۆژهەلاتییەکان و پەیمانگای ڕۆژهەلاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستی ڕووسیا چەند دێڕێکیان نووسیووە[٦].

ئەوەی جێگەی سەرەنجە, ئەوەی لە پێرستی بابەتەکاندا هاتووە لە کۆتاییدا, جیاوازە لەگەڵ ئەوەی کە لە نێوەڕۆکی کتێبەکەدا هەیە, ئێمە ناوی تۆێژەر و بابەتەکان و زانیارییەکانمان لە نێوەڕۆکی کتێبەکەدا وەرگرتووە, چونکە وا هەستدەکرێت هەڵە لە پێرستەکەدا هەبێت.

**نیشتیمانی داستان–کولتووری کوردی له چاو توێژەرانی پووس, له لایەن کۆمەڵێك پۆژهەڵاتناس و کوردناسی پووسەوە نووسراوە.**



## حەوتەم: کێشەی کورد لە عێراقدا

کێشەی کورد لە عێراقدا, لە لایەن (نادێژدا ستێپانۆڤە)وە نووسراوە, ساڵی (٢٠٠٥) لە دووتوێی (٣٠) لاپەڕەدا لە شاری مۆسکۆ چاپ و بڵاوبۆتەوە. ئەم کتێبە لە شێوەی بڵاوکراوەیەك بڵاوبۆتەوە لە ژمارە ١٠–(١٢)ی مانگی ئابی هەمان ساڵ, لە لایەن سەنتەری توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی نزیك.

ستێپانۆڤە نادێژدا ڤاسیلێڤنا لە ناوەڕۆکی ئەم کتێبەدا هەندێك باس و بابەتی خستۆتەڕوو وەکو: کێشەی کورد لە عێراقدا, لایەنی مێژوویی, کوردستانی عێراق لە دابەشکردنەوە بۆ شۆڕشی ساڵی (١٩٥٨), پرسی کورد لە کۆماری عێراقدا, باشووری کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیست ویەکدا, ئاسۆی گەشەکردن و پێشکەوتن.

نووسەر لەم بەرهەمەدا چەند سەرچاوەیەکی بە زمانی ڕووسی و ئینگلیزی بەکارهێناوە[٧]. شیاووی باسە, نووسەری ئەم کتێبە, هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە پسپۆری مێژوو, خاوەنی چەندین نووسین و بەرهەمی بڵاوکراوەیە, زیاتر لە (٢٠) بیست کاری بڵاوکراوەی هەیە.

کێشەی کورد لە عێراقدا, لە نووسینی (نادێژدا ستێپانۆڤە).



## هەشتەم: کورد لە ناوچەی کراسنەدار-تویژینەوە

کورد لە ناوچەی کراسنەدار–تویژینەوە, ئەم کتێبە لە لایەن (م. ڤ. ساڤڤا)وە نووسراوە, ساڵی (٢٠٠٧) لە دووتوێی (٤٠) لاپەڕەدا لە شاری کراسنەدار بە تیراژی (٥٠٠) دانە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

نووسەری کتێبەکە هەوڵیداوە چەند بابەتێك بخاتەڕوو وەکو: کورد–دانیشتووی کوبانی, ڕووس, دۆخی دیمۆگرافی و ئیتنۆکولتووری لە دەڤەری کراسنەدار, تاراوگە چییە, مێژووی سەرەکی کورد, کولتووری گیانی و ماددیی کورد, ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری, ڕێوڕەسمی ناشتنی مردوو, ڕێوڕەسمی سوڕانەوە یان سوڕانەوەی ڕۆژ ژمێر, ڕێوڕەسمی پەیوەست بە لەدایکبوون و پەروەردەی منداڵان, توخمەکانی پزیشکیی نەریتی–تەقلیدی, دۆخی نوێ و هاوچەرخی کورد لە ناوچەی کراسنەدار.

جێگەی باسە لە لاپەڕە (١٧) و (١٨)ی کتێبەکەدا, خشتەیەك خراوەتەڕوو کە تایبەتە بە ئاستی خوێندەواری بە پێی قۆناغەکان. لە لیستی سەرچاوەکاندا نووسەر چەندین سەرچاوەی بە زمانی ڕووسی و ئینگلیزی بەکارهێناوە[٨].

کورد لە ناوچەی کراسنەدار–تویژینەوە, لە نووسینی (م. ڤ. ساڤڤا).

# Курды в Краснодарском крае. Исследования

Краснодар, 2007

## نۆیەم: چەند بەڵگەنامەیەك لەمەڕ کوردیی باشووری قەفقاز, پارێزراو لە ئەرشیفی نیشتیمانیی-میژووویی جۆرجیا-وەسف و بەشێك لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیف سەبارەت بە کورد (١٩٢٠ – ١٩٤٠)-ئەرشیفی میژووی نوێی جۆرجیا, فۆندی ئەرشیفەکان و یەکەکانی هەڵگرتن و پاراستن لەگەڵ وەسفێکی کورتی ناوەڕۆکیان

کتێبی چەند بەڵگەنامەیەك لەمەڕ کوردیی باشووری قەفقاز, پارێزراو لە ئەرشیفی نیشتیمانی–میژوویی جۆرجیا–وەسف و بەشێك لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیف سەبارەت بە کورد (١٩٢٠ – ١٩٤٠)–ئەرشیفی میژووی نوێی جۆرجیا, فۆندی ئەرشیفەکان و یەکەکانی هەڵگرتن و پاراستن لەگەڵ وەسفێکی کورتی ناوەڕۆکیان, لە لایەن (کەریم ئەنکۆسی)یەوە نووسراوە, وەکو دیارە ناونیشانی کتێبەکە زۆر دوور و درێژە, هزری خوێنەر دەباتەوە بۆ ناونیشانی هەندێك لە سەرچاوە و کتێبەکانی میژوونووسانی عەرەب و ئیسلامی, بۆ نموونە کتێبە بەناوبانگەکەی ئیبن خەلدوون بە ناونیشانی: (العبر وديوان المبتدأ والخبر في أيام العرب والعجم والبربر ومن عاصرهم من ذوي السلطان الأكبر) [٩].

ئەم کتێبە ساڵی (٢٠١٠) لە شاری تبیلیسی لە دووتوێی (١٥٠) لاپەڕە چاپ و بڵاوبۆتەوە. کتێبەکە بە پێشەکییەك دەستپێدەکات, دیارە

بەرهەمەکە بە هەردوو زمانی ڕووسی و جۆرجی نووسراوە. هەڵبەت زانیاری وورد و تەواوی خستۆتەڕوو بۆ خوێنەر. لە لاپەڕە (٤٧–٤٩) سێ وێنەی بەڵگەنامەی بلاوکردۆتەوە, لاپەڕە (٥٣) تەرخانکراوە بۆ بابەتێك بەناونیشانی: لەبەرگرتنەوەی بەڵگەنامەی ئەرشیفەکان لەمەڕ کوردیی جۆرجیا, چەندین بەڵگەنامەی بلاوکردۆتەوە, بەشێوەیەکی گشتی بەڵگەنامەکان زۆربەیان بە زمانی ڕووسین, تاکوتەرا بەڵگەنامەی تێدایە بە زمانی جۆرجی.

جگە لە پێشەکی, کتێبەکە لەم بابەتانە پێکهاتووە: فۆند یان سندووقی ئەرشیفەکان و یەکەکانی پاراستن لەگەڵ کورتەیەك لە وەسفی ناوەڕۆکیان, کوردیی جۆرجیا, کوردیی ئازەربیجان, کوردیی ئەرمینیا, لەبەرگرتنەوەی بەڵگەنامەی ئەرشیفەکان لەمەڕ کوردیی جۆرجیا, کوردیی شاری تبیلیسی, لەمەڕ کوردیی دەڤەر و هەرێمی ئاخالتسیخی جۆرجیا, پاشکۆ. هەرچی تایبەتە بە پاشکۆ, ئەم بابەتانەی تێدا هاتووە: لە ئەرشیفی کەسیی (کەریمی ئەنکۆسی)یەوە, بەڵگەنامەیەکی نەناسراو و نەزانراوو دەربارەی (کوردستانی سوور) لە ئازەربیجانی سۆڤییەتییەوە, نامەیەك بۆ لیژنەی ناوەندی حیزبی شیوعی[١٠].

چەند بەڵگەنامەیەک لەمەڕ کوردیی باشووری قەفقاز, پارێزراو لە ئەرشیفی نیشتیمانی-مێژوویی جۆرجیا-وەسف و بەشێک لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیف سەبارەت بە کورد (١٩٢٠ – ١٩٤٠)-ئەرشیفی مێژووی نوێی جۆرجیا, فۆندی ئەرشیفەکان و یەکەکانی هەڵگرتن و پاراستن لەگەڵ وەسفێکی کورتی ناوەڕۆکیان, لە نووسین و ئامادەکردنی (کەریم ئەنکۆسی).


КАРИМ АНКОСИ (КАРАМЕ АНКОСИ)


# ДОКУМЕНТЫ О КУРДАХ ЮЖНОГО КАВКАЗА ХРАНИВШИЕСЯ В НАЦИОНАЛЬНОМ ИСТОРИЧЕСКОМ АРХИВЕ ГРУЗИИ

ОПИСАНИЕ И ВЫПИСКИ ИЗ АРХИВНЫХ ДОКУМЕНТОВ О КУРДАХ
1920 – 1940 годы

АРХИВ НОВЕЙШЕЙ ИСТОРИИ ГРУЗИИ

АРХИВНЫЕ ФОНДЫ И ЕДИНИЦЫ ХРАНЕНИЯ С КРАТКИМИ ОПИСАНИЯМИ ИХ СОДЕРЖАНИЯ:


KARIM ANKOSI (KARAME ANKOSI)


# DOCUMENTS OF KURDS OF SOUTHERN CAUCASUS PRESERVED IN THE CENTRAL HISTORICAL ARCHIVE OF GEORGIA

DESCRIPTIONS AND EXTRACTS FROM THE ARCHIVAL DOCUMENTS CONCERNING KURDS
1920 – 1940

THE CENTRAL ARCHIVE OF THE CONTEMPORARY HISTORY OF GEORGIA

ARCHIVAL FUND AND UNITS OF KEEPING WITH SHORTS DESCRIPTIONS OF THEIR CONTENTS.


თბილისი - TBILISI
2010

## دەیەم: کوردستان و پرسی کورد لە سیاسەتی ڕۆژئاوا و ڕووسیا-لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەم هەتاوەکو سەرەتای سەدەی بیست و یەک

کوردستان و پرسی کورد لە سیاسەتی ڕۆژئاوا و ڕووسیا–لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەم هەتاوەکو سەرەتای سەدەی بیست و یەک, لە نووسینی (ن.ز. مۆساکی)یە, لە لایەن (ئۆ.ی. ژیگالینا)–(١٩٤٦–٢٠١٣)وە پێداچوونەوەی بۆ کراوە, بە هەمان شێوە لە لایەن (م.س. لازارێڤ)–(١٩٣٠–٢٠١٠) و(ل.ی. مێدڤێدکۆ)وە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی بۆکراوە.

دیارە لازارێڤ ساڵی (٢٠١٠) کۆچی دوایی کردووە, هەر بۆیە لێرەدا ناوی خراوەتە نێو لاکێشەیەکی ڕەشەوە, دیارە پێشتر کاری لەسەر بەرهەمەکە کردووە. کتێبەکە لە بلاوکراوەکانی ئامۆژگای ڕۆژهەلاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستی ڕووسیا–پەیمانگای ڕۆژهەلاتی نزیکە.

ئەم کتێبە ساڵی (٢٠١١) لە شاری مۆسکۆ لە دووتوێی (٣٤٦) لاپەڕە چاپ و بلاوکراوەتەوە. جگە لە کورتەیەک لە بارەی نووسەر و پێشەکی, ئەنجام, پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان, کتێبەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە لەگەڵ چەندین تەوەرە و باسدا.

بەشی یەکەم: کوردستان و پرسی کورد لە سیاسەتی ڕۆژهەلاتی نزیکیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا, تەوەرەی یەکەم: گرنگی کوردستانی عێراق بۆ سیاسەتی ناوچەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا, کە تێیدا بابەتی هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خراوەتەڕوو لەمەڕ کێشەی کورد لە عێراق و کوردستانی عێراق لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا, هەڵوێستی کوردستانی عێراق بەرانبەر بە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا, دژبەرییەکانی کوردیی عێراق لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکا لە عێراقدا, تەوەرەی دووەم: سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرانبەر بە کوردیی تورکیا, دژبەر و ناتەباییەکانی ئەمریکا و تورکیا لەمەڕ پرسی باشوری کوردستان– عێراق, کێشەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) لە پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا پاش کەوتن و ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا.

بەشی دووەم: سیاسەتی یەکێتی ئەورووپا و وولاتانی یەکێتی ئەورووپا بەرانبەر بە کوردستان و پرسی کورد. ئەم بەشە سێ تەوەرەی لێدەبێتەوە, تەوەرەی یەکەم: بەکارهێنانی کێشەی کورد لە لایەن یەکێتی ئەورووپاوە بۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا, تەوەرەی دووەم: ناساندن و دانانی یەکێتی ئەورووپا بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) وەکو ڕێکخراوێکی تیرۆرستی. تەوەرەی سێیەم: فاکتەری کوردی لە پەیوەندییەکانی تورکیا و یۆناندا, کە چەند باسێکی لێدەبێتەوە وەکو: پشتگیری یۆنان بۆ (پ.ک.ک) و پەنادان و دالّدەدانی سەرکردەی پارتەکە (ئۆجەلان), ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوان

تورکیا و یۆنان و ڕەتکردنەوەی یۆنان بۆ پشتگیری پارتی کرێکارانی کوردستان. تەوەرەی چوارەم: هەڵوێستی ئەڵمانیا لەمەڕ کێشەی (پ.ك.ك), تەوەرەی پێنجەم: هەڵسەنگاندنی تورکیا بۆ سیاسەتی یەکێتی ئەورووپا بەرانبەر بە کورد, تەوەرەی شەشەم: هەڵسەنگاندنی سیاسەتی یەکێتی ئەورووپا لەلایەن سیاسییەکانی کورد و بایەخدانی یەکێتی ئەورووپا لە بۆ کێشەی کورد. تەوەرە حەوتەم: سیاسەتی یەکێتی ئەورووپا بەرانبەر کوردیی عێراق.

بەشی سێیەم: کورد و ڕووسیا: بەبێ وەهم. سیاسەتی ڕووسیا بەرانبەر بە پرسی کورد, تەوەرەی یەکەم: ڕووسیا و کوردیی عێراق لە سالاّنی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا, ئەم چەند باسەی لێدەبێتەوە: فاکتەری نەوت لە سیاسەتی ڕووسیادا لە (عێراق), هەڵسەنگاندنی سیاسەتی ڕووسیا لەلایەن کوردیی عێراق, لایەنی کەسیی و کادریی دیبلۆماتە ڕووسەکان بەرانبەر بە کورد, پەیوەندییەکانی ڕووسیا لەگەڵ کوردیی عێراق لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا, تەوەرەی دووەم: ڕووسیا و (پ.ك.ك), تەوەرەی سێیەم: ڕووسیا و کوردستانی عێراق پاش (١١)ی سێپتەمبەر (ئەیلوول)ی ساڵی (٢٠٠١) و کەوتنی سەددام حوسێن, کە ئەم بابەتانەی لێدەبێتەوە وەکو: ڕووسیا و کوردستانی عێراق لە ماوەی سالاّنی (٢٠٠٢–٢٠٠٦), کردنەوەی کونسوڵی گشتی ڕووسیا لە کوردستانی عێراق و پەیوەندییەکانی ڕووسیا و باشووری کوردستان لە ماوەی سالاّنی (٢٠٠٧–٢٠٠٨) [١١].

**کوردستان و پرسی کورد له سیاسەتی ڕۆژئاوا و ڕووسیا–له نەوەدەکانی سەدەی بیستەم هەتاوەکو سەرەتای سەدەی بیست و یەك, له نووسینی (ن.ز. مۆساکی).**



# یازدەهەم: گەشتکردن لە مۆسکۆوە بۆ کوردستان

گەشتکردن لە مۆسکۆوە بۆ کوردستان, لە نووسینی (یوریی داسنی)یە. ئەم کتێبە ساڵی (٢٠١٠) لە شاری مۆسکۆ لە دووتوێی (١٩٢) لاپەڕەدا بە تیراژی (٥٠٠) دانە چاپ و بڵاوکرایەوە. لەم بەرهەمەدا نووسەر وەکو بەشداربوویەک لەو گەشتەی کردوویەتی, بە هۆی ئەو ڤیستیڤاڵەوە کەوا وەزارەتی پۆشنبیری ڕێکیخستبوو لە کوردستانی عێراق, لە ڕۆژانی (٣٠-٣١) تشرینی یەکەم ساڵی (٢٠٠٨) لە شاری دهۆك ئەنجامدراوە.

نێوبراوو وەکو بیانییەکی ڕووس, هەوڵیداوە سەرەنجەکانی خۆی بنووسێتەوە, وەکو خۆی نووسیوویەتی لە پارێزگای دهۆك-کوردستانی ئازادا لە باکووری عێراق. قسە و باسەکانی لەمەڕ دۆخی ڕامیاری و ئابووری ئەو ساڵەی کوردستان دەخاتەڕوو, لەوانەی کە بە چاوی خۆی بینیوونی لەمەڕ ئایین و باوەڕ و ژیان و ئاکاری کورد.

لە پێشەکی و لە لاپەڕە (٣)ی کتێبەکەدا نووسەر باس لە کوردستان و کورد دەکات, هەر لە لاپەڕە (٣) نەخشەیەکی کوردستانی بڵاوکردۆتەوە, لە لاپەڕە (٦٧) وێنەیەکی تاریك و ناڕوونی گرد و خۆرهەڵاتبوونی بڵاوکردۆتەوە, لە لاپەڕە (٧٥)دا نەخشەی کوردستانی داناوە. ناوەڕۆکی کتێبەکەش بەم شێوەیە باسەکانی داڕشتووە: پێشەکی, مۆسکۆ-ئیستانبوولْ-دیاربەکر-ماردین-میدیات-جەزیرە-سیلۆپی,

**کوردستانی عێراق, ئیبراهیم خەلیل–دهۆك–ڤیستیڤاڵ, کولتووری ئێزیدی و سەنتەری کۆمەڵناسی–لالش–شێخان, هەولێر–پایتەختی کوردستان, ژیان و نەریت, پوختە–ڕێگای گەڕانەوە**[١٢].

گەشتکردن لە مۆسکۆوە بۆ کوردستان, لە نووسینی (یوریی داسنی).

## دوازدەهەم: کوردیی ئادیگێیا-توێژینەوە

کوردیی ئادیگێیا–توێژینەوە, لە بلاّوکراوەکانی زانکۆی دەوڵەتیی ئادیگێیایە, ساڵی (٢٠١٥) لە شاری مایکۆپ لە دووتوێی (٢٠٤) لاپەڕەدا بە تیراژی (٥٠٠) دانە چاپ و بلاّوکراوەتەوە. جگە لە پێشەکی, کتێبەکە لە چوار بەشی سەرەکی پێکدێت لەگەڵ چەندین تەوەرە و باسدا.

هەروەکو لە سەرەتای کتێبەکەدا باسکراوە, ئەم بەرهەمە کارێکی هاوبەش و بەکۆمەڵ بووە, ئەنجامی سێ ساڵی کاری بەردەوامی گروپی زانستیی زانکۆی دەوڵەتیی ئادیگێیا بووە, بە سەرپەرشتی پڕۆفیسۆر دکتۆر (ئا.ن. سۆکۆلۆڤا). لەم توێژینەوە گشتگیرەدا لەمەڕ ئیتنۆگرووپی کورد و جێگیربوونیان لەسەر خاك و زەوی ئادیگێیادا لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا, کە تێیدا فەیلەسووف, سیاسی, ئابووریناس, کۆمەڵناس, دەروونناس, کوولتووزان و ئیتنۆمۆزیکلۆجی–(زانستی مۆسیقای ئیتنی) بەشداربوونە و کاریان تێدا کردووە. لەم توێژینەوەدا هۆکار و مەرجەکانی نیشتەجێبوونی کورد هەڵدەسەنگێرێت بۆ نێو خاك و ناوچەیەکی تازە.

بەشی یەکەم: کورد وەکو کۆبوونەوە و گردبوونەوەیەکی دیمۆگرافی نوێی ئەدیگێیا, لەم بەشەدا چەند بابەتێك خراوەتەڕوو وەکو: تایبەتمەندییە ئیتنۆدیمۆگرافییەکانی کۆماری ئادیگێیا, هۆکار و

مەرجەکانی نیشتەجێکردنی کورد لە کۆماری ئادیگێیادا, گرژی نێوان ئیتنیی و ڕێگاکانی زاڵبوون بەسەریدا, پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی لە کۆماری ئادیگێیادا.

بەشی دووەم: تایبەتمەندییەکانی خۆگوونجاندنی کۆمەڵایەتی و کولتووری کورد لە کۆماری ئەدیگێیادا, کە ئەم تەوەرانەی لێدەبێتەوە: گوونجاندنی لایەنی ئابووری کورد لە ئەدیگێیا, گوونجاندنی ڕامیاری و یاسایی کورد, مێنتەلێتی کورد: لەمەڕ پرسی کارلێککی نێوان کولتووڕەکان, یادەوەری و بیرەوەری کولتووریی و ناسنامەی نەتەوەیی: سەرەنجەکانی چەمك و میتۆلۆجی, گرووپی ئیتنی کورد لە نموونەی (خۆگوونجاندن و تێکەڵبوون)دا, گفتوگۆکردن وەك مەرجێك بۆ خۆگوونجاندنی کۆمەڵایەتی و کولتووری لە نێو ژینگەیەکی ئیتنی بیانیدا, نیشتیمانپەروەری و لێبوردەیی لە هۆشیاریی و ئاگایی کورد, ڕێکخراوی گشتی(ئاگری) و ڕۆڵی لە پڕۆسەکانی خۆگوونجاندندا, کۆمەڵی کوردیی ئەدیگێیا.

بەشی سێیەم: پۆرتریێتی کۆمەڵایەتی, کولتووری و دەروونی گرووپێکی نەتەوەیی, کە ئەم باسانە لەخۆدەگرێت: خێزان و بەهای خێزانی کوردیی کۆماری ئەدیگێیا, بەها پەروەردەییەکانی کۆچبەرانی کورد, بایەخدان بە ئەولەویەتەکانی خوێندکارانی قوتابخانەی کوردی, ژنی کورد لە فرە کولتووری ئەدیگێیادا, بەهای ژیان, ئاڕاستەکردنی مانای ژیان و پلانی ژیانی هەرزەکاران–منداڵانی کۆچبەری کورد, وێنە و نموونەی کوردیی ئەدیگێیا لە نێو میدیای گشتیدا و پەیوەندی نێوان نەتەوەکان–بە پشتبەستن بە کەرەستەکانی ڕۆژنامەی (دروژبا)–هاوڕێیەتی.

**بەشی چوارەم: کولتووری ڕێوڕەسمی نەریتی, پێکهاتووە لەم باسانە: (داوات) یان دەعوەت–ئاهەنگی هاوسەرگیری کوردی, مۆسیقا و سەما و هەڵپەڕکێی نەتەوەیی, هونەری چنین و دروستکردنی فەرش و لباد. جێگەی باسە ئەم کتێبە لە لایەن چەندین نووسەر و توێژەری جیاوازەوە نووسراوە, چەندین خشتە و ئاماری تایبەت لەو بارەیەوە بلاوکراوەتەوە. لە کۆتایشدا چەند وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگ بلاوکراوەتەوە کە ژمارەیان (١٦) وێنەیە[١٣].**

كوردیی ئادیگێیا–تۆێژینەوە, لە نووسینی کۆمەڵێك نووسەر و تۆێژەر.

## سیازدەهەم: پڕۆسەی ڕامیاریی لە ناوچە کوردییەکانی وولاّتانی ڕۆژئاوای ئاسیا: عێراق, تورکیا, سوریا و ئێران

پڕۆسەی ڕامیاریی لە ناوچە کوردییەکانی وولاّتانی ڕۆژئاوای ئاسیا: عێراق, تورکیا, سوریا و ئێران, لە لایەن (ك.ۋ. ڤێرتیایڤ), (ئۆ.ی. ژیگالینا)-(١٩٤٦-٢٠١٣), (س.م. ئیڤانۆڤ)ەوە نووسراوە. لە لایەن (ئۆ.ی. ژیگالینا)وە پێداچوونەوەی بۆ کراوە. لە بلاّوکراوەکانی ئامۆژگای ڕۆهەلاّتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستی ڕووسیایە.

کتێبەکە ساڵی (٢٠١٣) لە شاری مۆسکۆ لە دووتوێی (١٤٢) لاپەڕە بە تیراژی (٢٠٠) دانە چاپ و بلاّوکراوەتەوە. بەرهەمەکە وەکو لە ناونیشانەکەیدا دیارە, باس لە دۆخی ئێستای پرسی کورد دەکات لەو وولاّتانەدا.

جگە لە پێشەکی, ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان, کتێبەکە لە چوار بەشی سەرەکی پێکدێت. بەشی یەکەم: گەشەسەندن و پەرەسەندنی نیشتیمانیی کوردیی عێراق لە قۆناغی هاوچەرخدا, بەشی دووەم: پرسی کورد لە تورکیادا: لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریییەوە بۆ گەڕان بە دوای سازانێکی ڕامیاریدا. بەشی سێیەم: سەرکەوتن و ئاسۆکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دیموکراتی کوردیی سوریا. بەشی چوارەم: دۆخی هاوچەرخی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیی ئێران. جێگەی باسە, نووسەرانی کتێبەکە چەندین سەرچاوەیان بە هەردوو زمانی ڕووسی و ئینگلیزی بەکارهێناوە[١٤].

**پڕۆسەی ڕامیاریی لە ناوچە کوردییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئاسیا: عێراق, تورکیا, سوریا و ئێران, لە نووسینی (ك.ڤ. ڤێرتیایێف), (ئۆ.ی. ژیگالینا), (س.م. ئیڤانۆڤ).**



## چواردەهەم: فاکتەری کوردی لە جیۆپۆلیتیکی ناوچەییدا

فاکتەری کوردی لە جیۆپۆلیتیکی ناوچەییدا, لە بلاۆکراوەکانی پەیمانگای ئابووریی جیهانی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان سەر بە ئەکادیمیای زانستی ڕووسیایە. ئەم بەرهەمە لە لایەن (ئا.گ. ئارباتۆڤ)ەوە دەرکراوە و بژار و پێداچوونەوەی بۆ کراوە. کتێبەکە ساڵی (٢٠١٥) لە شاری مۆسکۆ لە دووتوێی (١١٩) لاپەڕەدا چاپ و بلاۆکراوەتەوە. لە لاپەڕە (٢)دا کورتەیەک بە زمانی ڕووسی و ئینگلیزی لە بارەی کتێبەکەوە نووسراوە, کە تێیدا چەندین نووسەر و توێژەر تێیدا بەشداربوونە.

ئەم کۆمەڵە بابەتە لە خۆدەگرێت وەکو: (ساڤێلیێڤ.ئا.گ– پێشەکی– ووشەی پێشکەشکردن), (ئیڤانۆڤ . س.م.– کوردستانی عێراق و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد), (ئاسۆ بورهان–کوردستانی عێراقی ئەمرۆ), (خۆشەوی بابەکر–پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک) لە پڕۆسەی ڕامیاری لە ڕۆژهەلاتی نزیکدا), (کوزنێتسۆڤ .ئا.ئا.– کوردستانی عێراق لە بارودۆخی خەبات لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامیدا), (لوکۆیانۆڤ .ئا.ک. پەیوەندی کوردستانی عێراق لەگەڵ ئیسرائیلدا), (پاتییڤ. ف.ئا.–ناوچە ئۆتۆنۆمییە کوردییەکانی هاوچەرخی سوریا), (ڤێرتیایڤ.ک.ڤ.–گرنگی ڕامیاریی پرسی کورد لە تورکیادا), (ڕەڤەندی–

فادای.لێ.م–کوردیی ئێران له قۆناغی ئێستای گەشەکردنی ئێراندا), (بۆبکین.ن.ن–دۆخی کەمینەیی کورد له ئێراندا), (نابیێڤ.یو.ش–ئێزیدی له کۆمەڵگای کوردیدا), (میرزۆێڤ.ك.ی–چارەنووسی میژوویی کوردیی ئاسیای ناوەڕاست), (ئیڤانۆڤ.س.م–چارەنووسی کوردیی سۆڤییەت), (ئیڤانۆڤ.س.م. ووتاری کۆتایی بەڕێوەبەری میژگردەکە). له کۆتایی کتێبەدا (٤) چوار پاشکۆش بلاوکراوەتەوە[١٥].

فاکتەری کوردی لە جیۆپۆلیتیکی ناوچەییدا, لە نووسینی کۆمەڵێك نووسەر و توێژەر.

ИНСТИТУТ МИРОВОЙ ЭКОНОМИКИ И МЕЖДУНАРОДНЫХ ОТНОШЕНИЙ
РОССИЙСКОЙ АКАДЕМИИ НАУК

# КУРДСКИЙ ФАКТОР
# В РЕГИОНАЛЬНОЙ ГЕОПОЛИТИКЕ

**(Материалы круглого стола в ИМЭМО РАН**
**11.03.2015 г.)**

**Под редакцией**
**А.Г. Арбатова**

Москва
ИМЭМО РАН
2015

## پازدەهەم: کوردیی ئازەربایجان-لاچین, کێڵبەجاری و ناخکرای-چەند سەرەنجێك

کوردیی ئازەربایجان–لاچین, کێڵبەجاری و ناخکرای–چەند سەرەنجێك, لە لایەن (ئا. بوکشپان)ەوە نووسراوە, ساڵی (١٩٣٢) لە باکو لە دووتوێی (٩٢) لاپەڕەدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

کتێبەکە بە پێشەکییەك دەستپێدەکات, پاشان ئەم بابەتانەی تێدا خراوەتەڕوو: کوردیی ئازەربایجان, ناوچە–خاك و سنووورەکانی کوردستانی ئازەربایجان, پێکهاتەی ئابووری کوردستان, پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لای کورد, پاشماوە–شوێنەواری پەیوەندییەکانی باووباپیران و بونیادنانی سوسیالیستی, پێکهاتەی نیشتیمانیی, کوردی نەتەوەیی–نیشتیمانیی, کێشەی کورد لە ئازەربایجان, لە کۆتایشدا نەخشەیەك بڵاوکراوەتەوە لەو بارەیەوە.

کتێبەکە کۆمەڵێك زانیاری و داتای گرنگی لەخۆگرتووە, پشتبەستوو بە چەند سەرچاوەیەکی ئینگلیزی و ڕووسی, لەگەڵ ئەوەشدا چەندین وێنەی ئەو سەردەمە و تایبەت بە بابەتی کتێبەکە بڵاوکراوەتەوە کە ژمارەیان (١٢) وێنەیە[١٦]. بێگوومان ئەم وێنانە بەهای مێژوویی زۆر بەنرخ و پڕبایەخیان هەیە. ئەم کتێبە یەکێکە لەو سەرچاوە دەگمەن و پڕبایەخانەی کەوا لەو بارەیەوە نووسراوە.

کوردیی ئازەربایجان–لاچین, کێڵبەجاری و ناخکرای–چەند سەرەنجێك, لە نووسینی (ئا. بوکشپان).



## شازدەهەم: چەند سەرەنجێك لەمەڕ كورد(٨)

چەند سەرەنجێك لەمەڕ كورد, لە لایەن (قلادیمێر ئەلێكساندەرۆڤیچ كارتسۆڤ)ەوە نووسراوە, لە شاری تیفلیس سالّی (١٨٩٦) چاپ و بلاّوبۆتەوە. جگە لە پێشەكییەكی كورت و لیستی سەرچاوەكان, كتێبەكە لە سێ بەشی سەرەكی پێكدێت لە دووتوێی (٤٨) لاپەڕەدا.

بەشی یەكەم: بابەتێك بەناونیشانی كورد, كە تێیدا هەندێك زانیاری دەخاتەڕوو وەكو: دابەشبوونی جوگرافی, ژمارەی كورد, ئایین, زمان, میژوو و دابەشبوونی كورد بەسەر عەشیرەتەكاندا. بەشی دووەم: باس لە بارودۆخی ئێستا (ئەودەم)ی كوردستان, سواری حەمیدییە دەكات. بەشی سێیەم: باس لە پەیوەندییەكانی پێشووی دەسەلاّتی ڕووسیا لەگەلّ كورددا دەكات, ماوەی سالاّنی (١٨٢٨-١٨٢٩)ز, (١٨٥٣-١٨٥٥)ز.

دواتر نووسەری ئەم كتێبە سێ پاشكۆی بلاّو كردۆتەوە, لە پاشكۆی ژمارە (٢)دا, هەندێك بابەت خراوەتەڕوو, وەكو: ژمارەی كورد, سەرژمێری كورد لە نێو تورکیادا, كە ئەم ویلایەتانە لەخۆدەگرێت:

---

(٨)ئامانج نازم بیجان, پرسی كورد لە چەند سەرچاوەیەكی ڕووسیدا-بەشی دووەم, (تاراوگە)-گۆڤار, ژمارە (١٧٩), هۆڵەندا, چوارشەممە-(٢٦)ی تەموزی (٢٠٢٣), ل١٩.

ویلایەتی ئەرزەڕۆم, ویلایەتی دیاربەکر, ویلایەتی بەدلیس, ویلایەتی وان, ویلایەتی خارپوت, ویلایەتی موسڵ, سەنجەقی سلێمانی. دواتر لە فارس و ڕووسیایشدا هەندێك ناوچە هاتووە, بۆ نموونە: لە فارس– (ئێران) وەکو: ئازەربیجان, ئەردەڵان–(کوردستان), کرمانشاە, خۆڕاسان, لە ڕووسیاش وەکو: هەرێم و پارێزگای قارس, یەریڤان, ئێلیزاڤێت پۆل, تیفلیس, کوتایسی هاتووە[١٧].

جێگەی باسە, ئەم کتێبە یەکێکە لەو کتێبە بەناوبانگانەی کەوا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا لە بارەی مێژووی کورد بە زمانی ڕووسی نووسراوە, کە دواتر لە چەندین سەرچاوەدا بەکارهاتووە. ئەو دەمەی سەرقاڵی خوێندن بووم, پاش گەڕان و هەوڵێکی زۆر لە یەکێك لە کتێبخانە بەناوبانگەکانی ڕووسیا, بە ڕێککەوت ئەم کتێبەم دۆزییەوە, پاشان توانیم کۆپییەکی دەستبخەم, دواتر پێشنیازم بۆ هاوڕێی بەڕێز (د. سواڕە شاکەلی) کرد کە وەریبگێڕێتە سەر زمانی کوردی.

چەند سەرەنجێك لەمەڕ كورد, لە نووسینی (قلادیمێر ئەلێكساندەرۆڤیچ كارتسۆڤ).



## حەڤدەهەم: خوێندنەوەی لازاریێف (١) (٩)

بلاڤوکراوەی خوێندنەوەی لازاریێف, ژمارەی دەرچوون (١), لە بلاڤوکراوەکانی ئامۆژگای پۆژهەلاتناسییە سەر بە ئەکادیمیای زانستی ڕووسیایە, ساڵی (٢٠١٢) لە دووتوێی (٢٥٦) لاپەڕەدا لە شاری مۆسکۆ بلاڤوبۆتەوە. ئەم بلاڤوکراوەیە کە لە شێوەی کتێب چاپکراوە, کۆمەڵێك ووتار و توێژینەوەی زانستی گرنگ لەمەر کورد لە خۆی دەگرێت.

جێگەی باسە, بەڕپرسی دەرچوونی ئەم بلاڤوکراوەیە, لە لایەن کوردناسی بەناوبانگ (ئۆ.ی. ژیگالینا)-(١٩٤٦-٢٠١٣)ەوە بووە. کە چەندین بابەتی گرنگی تێدا بلاڤوکراوەتەوە, بۆ نموونە سێ توێژینەوەی کوردناسی بەناوبانك لازاریێقی تێدایە. شیاووی باسە, ئەم کارە لە بنەڕەتدا بۆ (٨٠) هەشتا ساڵەی لەدایکبوونی پرۆفیسۆر دکتۆر (میخائیل سێمێنۆڤیچ لازاریێف)-(١٩٣٠-٢٠١٠) پسپۆری مێژوو ئەنجامدراوە. پێشەکییەکی چڕوپڕ لە لایەن (ژیگالینا)ەوە نووسراوە, دواتر بابەتێك بەناونیشانی: میخائیل سێمێنۆڤیچ لازاریێف-(١٩٣٠-٢٠١٠) لە لایەن (ن.ز. مۆساکی)یەوە نووسراوە. دواتر لاپەڕە (١٧-٢٥) تەرخانکراوە بۆ لیستێك لە کارە بلاڤوکراوەکانی (م.س. لازاریێف), ئەمەش لە لایەن (ێ.م. لازاریێڤا) و (ی.س. لێسنیخ)ەوە کۆکراونەتەوە.

---

(٩) ئامانج نازم بیجان, پرسی کورد لە چەند سەرچاوەیەکی ڕووسیدا-بەشی سێیەم و کۆتایی, (تاراوگە)-گۆڤار, ژمارە (١٨٠), هۆڵەندا, چوارشەممە-(٢٣)ی ئابی (٢٠٢٣), ل١٩.

بابەتەکانی لازاریّڤ بریتین لەم سیّ بابەتە: (ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەلاّتی نزیك), (ناوچەی کوردی), (پۆلیّنبەندی میّژووی کورد). پاشان لەلایەن چەندین تویّژەرەوە ئەم بابەتانەی بەدوادا دیّت, وەکو: (قیّرتیایّڤ.ك.ڤ– لەمەڕ هەندیّك لایەنی دەرکەوتنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیی لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا لە سەدەی نۆزدەهەمدا–پاشخانی میّژوویی و تیۆریی), (ئاباك.ك.ت–ڕاپەڕینی بەدلیس لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی), (ژیگالینا.ئۆ.ی–ژیانی شارنشینی کوردیی خۆڕاسانی ئیّران لە کۆتایی سەدەی نۆزدە هەتاوەکو سەرەتای سەدەی بیستەم). (ئۆمەرخالّی.خ–سەرچاوەی ئایینی نووسراوی ئیّزدی–کتێبی پیرۆز, جێلوە, مەسحەفا ڕەش و دەستنووسەکان), (مۆساکی.ن.ز– سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرانبەر بە کوردیی تورکیا لە کۆتایی سەدەی بیست هەتاوەکو سەرەتای سەدەی بیست و یەك), (سڤیستونۆڤا.ی.ئا–پەیوەندییە ڕامیارییەکانی تورکیا لەگەلّ کوردستانی عیّراق پاش شەڕی عیّراق), (ئیڤانۆڤ.س.م–ئۆتۆنۆمی کوردیی عیّراق وەکو فاکتەرێکی گرنگی جیۆپۆلەتیکی ناوچەییدا), (ستارچێنکۆڤ.گ.ی–نەوت و غاز لە ئابووری و ڕامیاریی کوردستانی عیّراق), (کوزنێتسۆڤا.ی.ئا–وەربەرهێنانی بیانی لە پیشەسازی نەوت و غازی کوردستانی عیّراق), (ئێنێن ئیکرێم–ڕۆژنامەگەری کوردی: میّژوو و سەردەمی هاوچەرخ). هەڵبەت جگە لە بەشداربووانی ڕووسیا, تێدایە لە ئەڵمانیا و سوید بابەتیان بلاّوکردۆتەوە, لە کۆتایشدا پوختەیەك بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە[١٨].

خوێندنەوەی لازاریێف–ژمار (١), لە نووسینی کۆمەڵێك پۆژهەلاتناس و کوردناس.



## هەژدەهەم: خوێندنەوەی لازاریێف (٢) (١٠)

بلاّوکراوەی خوێندنەوەی لازاریێف, ژمارەی دەرچوون (٢), لە بلاّوکراوەکانی ئامۆژگای پۆژهەلاّتناسییە سەر بە ئەکادیمیای زانستی ڕووسیا, ساڵی (٢٠١٣) لە دووتوێی (٢٤٤) لاپەڕەدا لە شاری مۆسکۆ بلاّوبۆتەوە. ئەم ژمارەیەش دیسانەوە بەڕپرسیاریێتی دەرچوونی کەوتۆتە ئەسۆتەی (ئۆ.ی. ژیگالینا)-(١٩٤٦-٢٠١٣)ەوە. لە ژمارە دووشدا بە هەمان شێوە چەندین بابەتی گرنگ لەخۆدەگرێت.

شیاووی باسە, ئەم ژمارەیە تایبەتە بە (٨٥) هەشتاوپێنج ساڵەی ساڵیادی لەدایکبوونی (مانڤێل ئەرسێنۆڤیچ گەسرەتیان-حەسرەتیان)-(١٩٢٤-٢٠٠٧), کوردناس و تورکناسی بەناوبانگی ڕووس. پێشەکی ئەم ژمارەیە دیسانەوە لە لایەن (ئۆ.ی. ژیگالینا)وە نووسراوە, دواتر بابەتێك بە ناونیشانی: (یادی م.ئا. گەسرەتیان)-بیۆگرافیا, کورتەیەك لە ژیان و گرنگترین بەرهەمەکانی خراوەتەڕوو.

دواتر ئەم کۆمەڵە بابەتەی بەدوادا دێت, وەکو: (گەسرەتیان.م.ئا-سەبارەت بە پرسی هەماهەنگی چالاکییەکانی ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی

---

(١٠) ئامانج نازم بیجان, , پرسی کورد لە چەند سەرچاوەیەکی ڕووسیدا-بەشی سێیەم و کۆتایی, (تاراوگە)-گۆڤار, ژمارە (١٨٠), هۆڵەندا, چوارشەممە-(٢٣)ی ئابی (٢٠٢٣), ل١٩

کوردستانی تورکیا له ماوی هەشتا و نەوەدەکانی سەدەی بیستەم), (ئۆرێشکۆڤا. س.ف–ووشەیەك له بارەی م.ئا.گەسرەتیان). (ستارچێنکۆڤ.گ.ی–له بارەی هاوڕێ م.ئا.گەسرەتیانەوە), (ژیگالینا.ئۆ.ی–کوردناسیی ڕووسی وەکو ئاڕاستەیەکی نەریتی زانستی ڕۆژهەلاتناسی), (یوسوپۆڤا.ز.ئا– له بارەی مێژووی توێژینەوەی زمانی کوردی له ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت), (کۆلێسنیکۆڤ.ئا.ی–بەمەسیحیبوونی کورد له ئێرانی ساسانی له ماوەی سەدەی سێیەم–حەوتەمی زایینی, به پێی سەرچاوە سوورییەکان), (ژێپکا.م–له نێوان ڕاستی و ئەندێشەدا. زمانی کوردی له وەسفی میسۆنەرە پڕۆتستانەکان له سەدەی نۆزدەهەمدا), (ڤاسیلێڤا.ێ.ی–مێژوونووسی کورد میرزا عەلی ئەکبەر کوردستانی–سەدەی نۆزدە), (موسائیلیان.ژ.س–چەند زانیارییەك لەمەڕ تایبەتمەندێتی کوردیی هەرکی), (خەلاتیان.ب.د–مێژوو و کولتووری دەڤەری دیاربەکر), (ڤێرتیایێف.ك.ڤ–تێڕوانین و بۆچوونی ڕامیاری شێخ سەعیدی کوردی (نورسی)–(١٨٧٦–١٩٦٠) و پرسی کورد), (یوسوپۆڤا.ز.ئا–لەمەڕ پرسی ئیتنیك و ناسنامەی زمان و خۆناونانی هاوچەرخی کورد), (بۆخێنسکا.ی –فیلمی باوەڕ, هیوا و خۆشەویستی. ڕیالیزم و میتافیزیکا له فیلمەکانی بەهمەنی قوبادی), (ساپرۆنۆڤا.م.ئا–بنەمای دەستوورییی و یاسایی کارکردنی ئۆتۆتنۆمی کورد له عێراقی هاوچەرخدا), (ژیگالینا.ئۆ.ی–پرسی کورد له کوردستانی ئیتنیکیدا لەبەر ڕۆشنایی ڕووداوەکانی سوریا و دەوروبەری ئێران), (ئیڤانۆڤ.س.م–ئەگەر–(دەرفەت) و ئاسۆکانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق), (ستارچێنکۆڤ.گ.ی–ئاژاوە و پشێوی ڕۆژهەلاتی

نزیك و دۆخی كورد), له كۆتایشدا پوختەیەك به زمانی ئینگلیزی بلاۆكراوەتەوە[١٩].

ئەگەر سەرەنجی تویژەر و بابەتەكانی نێو ئەم دوو بلاۆكراوەیە بدەین, دەبینین كۆمەڵێك بابەتی زۆر گرنگ و پڕبایەخ نووسراوە له لایەن پۆژهەلاتناس و كوردناسانەوە, بێگوومان ئەمەش سەرچاوەیەكی زۆر باشە سەبارەت به مێژووی كورد و كوردستان و كوردناسی له ڕووسیادا.

خوێندنەوەی لازاریڤ– ژمارە (٢), لە نووسینی کۆمەڵێك پۆژهەڵاتناس و کوردناس.



## نۆزدەهەم: کورد-ئەفسانەی ڕۆژهەڵات(١١)

کتێبی کورد-ئەفسانەی ڕۆژهەڵات, لە لایەن کۆمەڵێك لێکۆڵەر و ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی ڕووسەوە نووسراوە. لەسەر داوا و دەستپێشخەری کۆمپانیای (گاز پرۆم نێفت)ی ڕووسی و لە چوارچێوەی پشتگیریکردنی پڕۆژە کولتووری و ڕۆشنبیرییەکاندا ئامادەکراوە, کە ساڵی (٢٠١٨) بە زمانی ڕووسی لە مۆسکۆ چاپ کراوە. جێگەی ئاماژەبۆکردنە, ئەندامانی (پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی لە مۆسکۆ) و, (پەیمانگای دەستنووسەکانی ڕۆژهەڵات لە سانکت پێتێربورگ) سەر بە ئەکادیمیای زانستی و بە پاڵپشتی ڕێکخراوی هاوکاری مرۆیی ڕووسی, بەشداریان تێدا کردووە.

بەشێوەیەکی گشتی کتێبەکە لە بارەی مێژوو, داب و نەریت, زمان, کلتووری گەلێکی خاوەن بەهرە و ئازاوە دەدوێت, کە ڕۆڵێگی گرنگی هەبووە لە چارەنووسسازی چەند وولاتێك لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستدا, هەروەها ڕۆڵی کورد لە کۆن و ئێستادا خراوەتەڕوو لە

---

(١١) ئامانج نازم بیجان, , کورد-ئەفسانەی ڕۆژهەڵات, (تاراوگە)-گۆڤار, ژمارە (١١٠), هۆڵەندا, چوارشەممە-(٢٤)ی حوزەیرانی (٢٠٢٠), ل١٦.

بوارەکانی وەکو ئابووری, ڕامیاری, دەوڵەت بەڕێوەبردن و کاروباری سەربازی ئەو دەوڵەتانەی کە لە چوارچێوەیەدا دەژین, لە نێویشیاندا ڕووسیا. وادیارە ئەم کتێبە تازە بەشێوەیەکی دیاریکراو, بەسەر چەند کەسایەتی و شوێنێکدا دابەشکراوە. جێگەی ئاماژەبۆکردنە, کۆمەڵێك کەس بە شێوەی جیاجیا کاریان تێدا کردووە و نزیکەی دوو بۆ سێ سااڵێك سەرقاڵی ئامادەکردن و نووسینەوەی بوونە.

کتێبەکە نزیکەی (٤٥٦) لاپەڕەی قەبارە گەورەیە. جگە لە پێشەکی کە لە لایەن (ڤ.ڤ. ناومکین) نووسراوە, ئەنجامیش هەر لە لایەن (ڤ.ڤ. ناومکین) نووسراوە بە ناونیشانی: (ڕۆڵ و گرنگی کورد لە جوگرافیای ڕامیاری ناوچەییدا لە ڕۆژهەاڵتی نزیك و ناوەڕاستدا), لە حەڤدە بەشی سەرەکی پێکدێت, کە بریتین لە: بەشی یەکەم (ك.ڤ. ڤێرتیایێف: مێژووی کوردستان–کرۆنۆلۆجیای ڕووداوە سەرکییەکانی مێژووی کورد, لە سەردەمانی کۆنەوە هەتاوەك و سەرەتای سەدەی بیستەم), بەشی دووەم (ز.ئا. یوسوپۆڤا: زمان, فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی کوردی لە چەند لێکۆڵینەوەیەکدا), بەشی سێیەم (ئا.ی. کۆلێسنیکۆڤ–ی.ڤ. بازتسلێنکۆ–ئۆ.ئا. ڤۆدنێڤا: ئایین و باوەڕەکان لە کوردستاندا), بەشی چوارەم (ل.م. ڕەڤەندی–فەدای:پارێزەرانی دڵسۆزی داب و نەریتی شکۆمەندی باوباپیرانیان), بەشی پێنجەم (ل.م. ڕەڤەندی–فەدای: شوێنی ژیانی کورد), بەشی شەشەم (ل.م. ڕەڤەندی–فەدای: شمشێری کورد لە کەلاندا نامێنێتەوە), بەشی حەوتەم (ل.م. ڕەڤەندی–فەدای:

جل وبەرگی نەتەوەیی), بەشی هەشتەم (ل.م. ڕەڤەندی–فەدای: راز و نیازی ئافرەتی کورد), بەشی نۆیەم (ئ.ی. ڤاسیلیڤا: ڕێگای میژوویی کورد), بەشی دەیەم (ك.ڤ. ڤێرتیایڤ: کورد لە نێو سنووری دەوڵەتە تازەکاندا–بە پێی ڕێککەوتننامەی سیڤەر(١٩٢٠) و ڕێککەوتننامەی لۆزان (١٩٢٣), بەشی یازدەهەم (ك.ڤ. ڤێرتیایڤ: خەباتی نەتەوەیی کورد پاش دابەشکردنی ئیتنی کوردستان), بەشی دوازدەهەم (س.م. ئیڤانۆڤ: کورد لە ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەتی جاران و ڕووسیای فیدراڵدا), بەشی سیازدەهەم (س.م. ئیڤانۆڤ–ڤ.م. ماگۆمێدخانۆڤ: کوردستانی سوور و کۆماری مەهاباد–هەوڵەکانی دامەزاندنی یەکەم خۆبەڕێوەبردنی کوردی), بەشی چواردەهەم (س.م. ئیڤانۆڤ: میژووی نوێی کوردستانی عێراق), بەشی پازدەهەم (ن.د. پلۆتنیکۆڤ–ئا.ئا. مارینین: کوردستان لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕدا), بەشی شازدەهەم: (ك.ڤ. ڤێرتیایڤ: دیاردەی سینەمای کوردی), بەشی حەڤدەهەم, لەم بەشەدا سێ لیکۆڵینەوەی سەربەخۆ دەگرێتەخۆ, کە لە لایەن چەند نووسەرێکەوە نووسراون, کە بریتین لە: (ی.ف. پاپۆڤا: لێکۆڵەرانی ڕووس–پێشەنگەکانی کوردناسی), (ك.ڤ.ڤێرتیایڤ– ل.م. ڕەڤەندی–فەدای: کورد و کوردستان لە ڕاپۆرتەکانی دیپلۆمات و جەنگاوەرانی ڕووسیادا لە نێوان سالاٚنی (١٧٣٢–١٩١٧), (ی.ڤ. زایتسێڤ: گەشتی سێرگێی پیترۆڤیچ ئۆلفێرێڤ بۆ کوردستان لە سالی ١٩١٢)دا.

شیاووی باسه, لەگەل ئەم بەشە سەرەکییانەدا, کۆمەڵێك باسی کەسایەتی دیاری کورد کراوە, کە لە شێوەی بیۆگرافیا–ژیاننامە باسیان لێوەکراوە, وەکو: (موحەممەد شەریف پاشا) لە بەشی (١٠), (شێخ مەحموود بەرزنجی) لە بەشی (١١), (موسا عەنتەر) لە بەشی (١١), (عەبدولاّ ئۆجەلان) لە بەشی (١١), (جەعفەر ئاغا عەلی بەگ شەمشەددین ئاغا ئۆغلی) لە بەشی (١٢), (موستەفا بارزانی) لە بەشی (١٣), (قازی موحەممەد) لە بەشی (١٣), (مەسعود بارزانی) لە بەشی (١٤), (یەڵماز گیونای) لە بەشی (١٦). جێگەی ئاماژەبۆکردنە, (ل.م. ڕەڤەندی– فەدایی) زۆرترین بەشداری تێدا کردووە[٢٠].

لە ڕاستیدا کتێبێکی لەم جۆرە لە بارەی کورد و کوردستانەوە, کە بە زمانەکانی: ڕووسی, ئینگلیزی, کوردی–سۆرانی و کرمانجی بلاّوبێتەوە, بێگوومان جێگەی بایەخە. بابەت و لێکۆڵینەوەکانی کتێبەکە زۆر گرنگ و سەرەنجڕاکێشن, جگە لەمەش چەندین وێنەی تێدا بلاّو کراوەتەوە. شیاووی باسە, دوو کوردناسی بەناوبانگ و پڕبەرهەمی یەکێتی سۆڤییەتی جاران بەشداریان تێدا کردووە, کە بەهایەکی زانستی گەورەیان بە کتێبەکە بەخشیووە, یەکەمیان (ز.ئا. یوسوپۆڤا)– (١٩٣٤–٢٠٢٢)یە کە بەشی دووەمی نووسیووە بە ناونیشانی: (زمان و فۆلکلۆر و ئەدبیاتی کوردی لە چەند لێکۆڵینەوەیەکدا). دووەمیشیان (ئی.ی. ڤاسیلیۆڤا)–(١٩٣٥–٢٠٢٣)یە بەشی نۆیەمی نووسیووە لە ژێر ناونیشانی: (ڕێگای مێژوویی کورد), لە لاپەڕە (٢١٩–٢٤١). دیارە

خاتوو ڤاسیلیڤا وەکو کارە زانستییەکانی پێشووتری, لێکۆڵینەوەیەکی زانستی قوولْ و پڕ لە زانیاری نووسیووە. ڕاستی ئەم دوو خاتوونە, تەواوی تەمەنی خۆیان بۆ مێژوو و زمان و ئەدەبی کوردی تەرخان کردووە, بۆیە شیاووی هەموو نرخاندنێکن.

هەندێك لە سایتە ڕووسییەکان, بە یەکەمین ئینسکلوپێدیای کورد لە جیهاندا ناویان بردووە. بڕیار وایە کتێبەکە وەکو دیارییەك لە داهاتوودا بەشێوەی ئیلیکترۆنی–(پی دی ئێف) بە زمانی ڕووسی بلاوبکرێتەوە. وەرگێڕانی ئەم کتێبە, لە زمانی ڕووسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی– (شێوەزاری سۆرانی), لە لایەن بەڕێز (د. سوارە شاکەلی)یەوە وەرگێڕدراوە, کە تێیدا کۆمەڵێك سەرەنج و ڕوونکردنەوەی نووسیووە, وا بڕیار لە داهاتوودا بلاوی بکەنەوە.

**کورد–ئەفسانەی ڕۆژهەلآت, لە نووسینی کۆمەلێك ڕۆژهەلآتناس و کوردناس.**



## پەراوێز و سەرچاوەکانی بەشی دووەم


1-Мазур О.А.  Курдский вопрос в политическом конфликте в Сирии. М., 2019.

2-Иванов С.М. Иракский Курдистан на современном этапе (1991–2011 гг.). М., 2011.

3-Караме Анкоси. Описание курдских материалов национального центра рукописей Грузии. Тбилиси., 2009.

4-Караме Анкоси. Библиография опубликованных книг, статей и заметок. Тбилиси., 2014.

5-Жигалина О. И. Мулла Мустафа Барзани. Исторический портрет. М., 2013.

6- Рабочая группа. Земля легенд. Курдская культура глазами российских исследователей, Газпром нефть. 2014.

7- Надежда Степанова. Курдская проблема в Ираке . М.,  2005.

8- Савва М.В. Курды в Краснодарском крае. Исследование. Краснодар 2007.

9- Карим Анкоси (Караме Анкоси). Документы о курдах Южного Кавказа хранившиеся в Национальном историческом архиве Грузии. Описание и выписки из архивных документов о курдах (1920-1940).Годы. Архив новейшей история Грузии. Архивные фонды и единицы хранениях кратким описаниях их содержания. Тбилиси. 2010.

١٠-عبدالرحمن بن خلدون، تاريخ ابن خلدون المسمى ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الاكبر، ضبط المتن ووضع الحواشي والفهارس: خليل شحادة، (٨) أجزاء، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، لبنان، (٢٠٠٠-٢٠٠١).
11- Мосаки Н.З. Курдистан и курдский вопрос в политике Запада и России (90-е XX века_наало XXI века). М., 2011.
12- Дасни Ю.Р. Путешествие из Москвы в Курдистан. М.,2010.
13- Курды Адыгеи: монография / гл. ред. и руководитель научного проекта А.Н. Соколова ; ред. А.Ю. Шадже, З.А. Жаде. – Майкоп : Качество,2015.
14- Вертяев К. В., Жигалина О. И., Иванов С. М. Политические процессы в курдских ареалах стран Западной Азии (Ираке, Турции, Сирии, Иране). – М.: Институт востоковедения РАН, 2013.
15- Курдский фактор в региональной геополитике. (Материалы круглого стола в ИМЭМО РАН 11.03.2015 г.) / Под редакцией А.Г. Арбатова. – М.: ИМЭМО РАН, 2015.
16- Букшпан А. Азербайджанские курды. Лачин, Кельбаджары, Нах.ССР- Заметки.Баку. 1932.
17-Карцов. Заметки о Курдах. Тифлис, 1896.
18-Лазаревские чтения. Вып. 1 / Отв. ред. О.И. Жигалина. — М.: Институт востоковедения РАН, 2012.
19-Лазаревские чтения. Выпуск II / Отв. ред. О. И. Жигалина.— М.: Институт востоковедения РАН, 2013.
20-Курды. Легенда Востока. М.: Издательская группа «Арбор», 2018.

## بەشی سێیەم:

# ووشە و زمانی کوردی لە چەند قامووسێکی ڕووسیدا

# ووشە و زمانی کوردی لە چەند قامووسێکی ڕووسیدا

## یەکەم: قامووسەکەی (پ.س. پالّلاّس)

بێگوومان ئامادەکردن و بلاّوکردنەوەی قامووس وەکو بەشێك لە سەرچاوە ڕۆژهەلاّتناسی و کوردناسییەکان, ڕۆلّێکی گرنگ و بەرچاوی گێڕاوە لە ناساندنی زمانی نەتەوەیی کورد. شیاووی باسە, ناسینی کورد و زمانەکەی لە ڕووسیادا, دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم.

ئەو دەمەی (کاترینای دووەم)-(١٧٢٩-١٧٩٦)ز, لە ڕێگەی ئەکادیمی (پ.س. پالّلاّس)-(١٧٤١-١٨١١)ەوە, لە ساڵی (١٧٨٧)ز, (قامووسی بەراوردیی هەموو زمان و شێوەکان)ی بلاّوکردەوە, ئەمە بۆ یەکەمجارە کەوا نزیکەی (٢٧٦) ووشەی کوردیش لەو فەرهەنگەدا تۆمار دەکرێت[1]. قامووسەکە لە دوو بەرگ پێکدێت, بەرگی یەکەمی ساڵی (١٧٨٧)ز لە شاری سانکت پێتێربورگ لە چاپخانەی (شنۆر) لە دووتوێی (٤١١) لاپەڕە بە تیراژی (٥٠٠) دانە چاپ و بلاّوکراوەتەوە. دیارە بە پێی ڕێنماییەکانی کاترینای دووەم, کە بە ئەزموونێکی سەرەتایی بینیووە, بۆیە بەکارهێنانی بەشێوەیەکی بەرفروان نەبووە.

پێشەکی بەرگی یەکەم لە لایەن بلاوکار (پ.س. پالڵاس)ەوە شەش (٦) لاپەڕەی بۆ نووسیووە. شێوازی نووسین و ئامادەکردنی ئەم قامووسە, سەرەتا لەناوەڕاست و سەرەوەی لاپەڕەکە, ووشەکە بە زمانی ڕووسی نووسراوە, دواتر بە ڕیزبەندی و ژمارە, بە هەموو زمانە ئاسیایی–ڕۆژهەلاتی) و ئەوروپییەکانی تر واتای ووشەکە بە تیپی ڕووسی نووسراوە. بۆ نموونە: یەکەم ووشە بە زمانی ڕووسی (خودا) نووسراوە, واتاکەی بە زمانی کوردی نووسراوە (خودی), هەروەها ووشەی دووەم (ئاسمان) و پاشان ووشەی سێیەم (باوك) بە زمانی ڕووسی, واتا کوردییەکەی (باب) نووسراوە, ئیدی بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت[٢]. بەرگی دووەمی ئەم بەرهەمە, ساڵی (١٧٨٩)ز هەر لە شاری سانکت پێتێربورگ لە دووتوێی (٤٩١) لاپەڕە چاپ و بلاوبۆتەوە[٣].

شیاووی باسە, هەر لە هەمان ساڵ (١٧٨٧)ز, لە ئیتاڵیا–ڕۆما لە لایەن قەشە (ماوریتسیۆ گارزۆنی)یەوە, (ڕێزمان و ووشەسازی زمانی کوردی) لە دووتوێی (٢٨٨) لاپەڕەدا چاپ و بلاوکرایەوە. هەروەها ساڵی (٢٠١٥) لە لایەن بەڕێز دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵاوە, جارێکی تر ئەم بەرهەمە نایابە لە چاپدرایەوە لەگەڵ پێشەکی و چەند بابەتێکی گرنگ, کە هەموویان بەسەر یەکەوە (٣٨) لاپەڕەیە[٤].

**قامووسەکەی (پ.س. پالّلاّس)، بەناونیشانی: (قامووسی بەراوردیی هەموو زمان و شێوەکان)، بەرگی یەکەم، ساڵی (١٧٨٧).**



СРАВНИТЕЛЬНЫЕ

СЛОВАРИ

ВСѢХЪ ЯЗЫКОВЪ И НАРѢЧІЙ,

собранные

ДЕСНИЦЕЮ ВСЕВЫСОЧАЙШЕЙ ОСОБЫ.

---

ОТДѢЛЕНІЕ ПЕРЬВОЕ,

содержащее въ себѣ

ЕВРОПЕЙСКІЕ И АЗІАТСКІЕ ЯЗЫКИ.

---

ЧАСТЬ ПЕРЬВАЯ.

ОБЩЕСТВО ИСТОРИИ И ДРЕВНОСТЕЙ РУМЫНСКОЙ БИБЛІО-ТЕКА

---

ВЪ САНКТПЕТЕРБУРГѢ,

Печатано въ Типографіи у Шнора 1787 года.

**قامووسەکەی (پ.س. پالّلاّس)، بەناونیشانی: (قامووسی بەراوردیی هەموو زمان و شێوەکان)، بەرگی دووەم، ساڵی (١٧٨٩).**



СРАВНИТЕЛЬНЫЕ

СЛОВАРИ

ВСѢХЪ ЯЗЫКОВЪ И НАРѢЧІЙ,

собранные

ДЕСНИЦЕЮ ВСЕВЫСОЧАЙШЕЙ ОСОБЫ.

---

ОТДѢЛЕНІЕ ПЕРЬВОЕ,

содержащее въ себѣ

ЕВРОПЕЙСКІЕ И АЗІАТСКІЕ ЯЗЫКИ.

---

*ЧАСТЬ ВТОРАЯ.*

---

*ВЪ САНКТПЕТЕРБУРГѢ.*

*Печатано въ Типографїи у Шкора 1789 года.*

**قامووسەکەی (ماوریتسیۆ گارزۆنی)، بە ناونیشانی: (ڕێزمان و ووشەسازی زمانی کوردی).**



GRAMMATICA
E VOCABOLARIO
DELLA
LINGUA KURDA
COMPOSTI
DAL P. MAURIZIO GARZONI
De' Predicatori Ex-Missionario Apostolico

ROMA MDCCLXXXVII.

Nella Stamperia della Sacra Congregazione di Propaganda Fide
CON LICENZA DE' SUPERIORI.

## دووەم: کتێب-قامووسەکەی (پ. لێرخ):

جێگەی باسە, لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا, زانا و کوردناسی بەتوانا (پ. لێرخ)-(١٨٢٧-١٨٨٤) کتێبێکی نایابی بەناونیشانی: (لێکۆڵینەوە لەمەڕ کوردیی ئێران و خالدییەکانی باکووری باووباپیرانەوە) چاپ و بڵاوکردەوە. کتێبەکە لە سێ بەرگ پێکدێت, کتێبی یەکەمی ساڵی (١٨٥٦), کتێبی دووەم ساڵی (١٨٥٧), کتێبی سێیەم ساڵی (١٨٥٨) لە شاری سانکت پێتێربورگ بڵاوکراوەتەوە. بەشێوەیەکی گشتی کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ زمان و مێژوو وباسی کورد و کوردستان, بەڵام بەرگی سێیەمی بریتییە لە قامووسێك.

بەرگی یەکەم: بە شێوەیەکی گشتی باس لە مێژوو, زمان, وێژە و ئایینی عەشیرەتە کوردییەکان دەکات لە تورکیا, ڕووسیا و ئێراندا. جێگەی باسە, نووسەر سوودی لە دەیان سەرچاوە بینیووە بە زمانەکانی: ڕووسی, ئینگلیزی, ئەڵمانی و فەڕەنسی, ئەم بەرگە لە دووتوێی (١٢١) لاپەڕە بڵاوبۆتەوە[٥]. شیاووی گووتنە, بەرگی یەکەمی ئەم بەرهەمە, لە لایەن بەڕێز (د. عەبدی حاجی)یەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی[٦].

بەرگی دووەم: جگە لە پێشەکی, کۆمەڵێك بابەتی گرنگ لەخۆدەگرن وەکو: گەشت و ڕاپۆرتی لێرخ, کۆمەڵێك دەقی کوردییە بە شێوەزاری

کورمانجی و زازا و وەرگێرانی ڕووسی. ئەم بەرگە لە دووتوێی (١٣٩) لاپەڕە چاپکراوە[٧].

هەرچی بەرگی سێیەمی کتێبەکەیە, دەچێتە چوارچێوەی ئەو قامووسانەوە کەوا ڕۆڵێکی بەرچاوویان بینیووە لە ناسینی ووشە و زمانی کورد لە ڕووسیادا. جگە لە پێشەکی, ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت: قامووسی کوردیی شێوەزاری کورمانجی–ڕووسی, قامووسی کوردیی شێوەزاری زازا–ڕووسی, زیادکردن, سەرەنجەکان, هەمووارکردن و چاککردن. ئەم بەرگەش لە دووتوێی (١١٣) لاپەڕە بلاوبۆتەوە[٨]. بێگوومان ئەم بەرهەمە یەکێکە لە سەرچاوە هەرە بەنرخ و پڕبایەخان لەمەڕ بابەتی کوردناسیی.

کتێبەکەی (پ. لێرخ) بەناونیشانی: (لێکۆڵینەوە لەمەڕ کوردیی ئێران و خالدییەکانی باکووری باووباپیرانەوە)، بەرگی یەکەم، ١٨٥٦.

ИЗСЛѢДОВАНІЯ

ОБЪ

ИРАНСКИХЪ КУРДАХЪ

И ИХЪ ПРЕДКАХЪ,

СѢВЕРНЫХЪ ХАЛДЕЯХЪ.

Сочиненіе

ПЕТРА ЛЕРХА.

КНИГА I.

Введеніе и подробное исчисленіе курдскихъ племенъ.

САНКТПЕТЕРБУРГЪ, 1856.

Продается у Коммиссіонеровъ Императорской Академіи Наукъ:

И. Глазунова, въ С.П.Б. и въ Москвѣ, | П. Должикова, въ Кіевѣ,
Эггерса и Комп., въ С.П.Б. | Эпоѳджянца и Комп., въ Тифлисѣ.

Цѣна 50 коп. сер.

کتێبەکەی (پ. لێرخ) بەناونیشانی: (لێکۆڵینەوە لەمەڕ کوردیی ئێران و خالدییەکانی باکووری باووباپیرانەوە)، بەرگی دووەم، ١٨٥٧.

L926
130

# ИЗСЛѢДОВАНІЯ

объ

# ИРАНСКИХЪ КУРДАХЪ

и ихъ предкахъ,

# СѢВЕРНЫХЪ ХАЛДЕЯХЪ.

---

Сочиненіе

Петра Лерха.

---

Книга II.

Санктпетербургъ, 1857.

Продается у Коммисіонеровъ Императорской Академіи Наукъ:

И. Главунова, въ С.П.Б. и въ Москвѣ, | П. Долженкова, въ Кіевѣ,
Эггерса и Комп., въ С.П.Б. | Эйнгорна и Комп., въ Тифлисѣ.

Цѣна 50 коп. сер.

کتێبەکەی (پ. لێرخ) بەناونیشانی: (لێکۆڵینەوە لەمەڕ کوردیی ئێران و خالدییەکانی باکووری باووباپیرانەوە), بەرگی سێیەم, ١٨٥٨.



ИЗСЛѢДОВАНІЯ

ОБЪ

ИРАНСКИХЪ КУРДАХЪ

И ИХЪ ПРЕДКАХЪ,

СѢВЕРНЫХЪ ХАЛДЕЯХЪ.

Сочиненіе

ПЕТРА ЛЕРХА.

КНИГА III.

Словарь и историко-литературное введеніе.

САНКТПЕТЕРБУРГЪ, 1858.

Продается у Коммисіонеровъ Императорской Академіи Наукъ:

И. Глазунова, въ С. П. Б. и въ Москвѣ, | П. Долникова, въ Кіевѣ,
Эггерса и Комп., въ С. П. Б. | Эдельмана и Комп., въ Тифлисѣ.
С Шмидта, въ Ригѣ.

Цѣна 50 коп. сер.

## سێیەم: قامووسەکەی (چ.خ. بەکایێف)

قامووسی کوردی–ڕووسی, ئەم قامووسە لە لایەن پسپۆری فیلۆلۆجی دکتۆر (چ.خ. بەکایێف)–(١٩١٢–١٩٩٨)ەوە کۆکراوەتەوە و ئامادەکراوە, هەروەها لە لایەن ئەکادیمی (ی.ئا.ئۆربێلی)–(١٨٨٧–١٩٦١)یەوە دەرکراوە و پێداچوونەوەی بۆ ئەنجامدراوە.

جێگەی باسە, ئەم قامووسە نزیکەی (١٤٠٠٠) چواردە هەزار ووشە لەخۆدەگرێت لەگەڵ پاشکۆیەک کە بریتییە لە کورتەیەک لە ڕێزمانی زمانی کوردی. قامووسەکە لە بلاوکراوەکانی ئامۆژگای زمانزانی سەر بە ئەکادیمیای یەکێتی سۆڤییەتە, ساڵی (١٩٥٧) لە شاری مۆسکۆ لە دووتوێی (٦١٨) لاپەڕە بە تیراژی (٢٠٠٠) دانە چاپ و بلاوکراوەتەوە.

پێشەکییەکەی لە لایەن ئەکادیمی (یوسف ئۆربێلی)یەوە نووسراوە, پاشان نووسەریش (چ.بەکایێف) بابەتێکی نووسیووە و دواتر بابەتێك لەمەڕ بەکارهێنانی قامووسەکە خراوەتەڕوو. هەڵبەتە قامووسەکە بە تیپی لاتینییە. نووسەر لاپەڕە (٥٠٧)ی تەرخانکردووە بۆ چەردەیەکی کورتی ڕێزمانی زمانی کوردی[٩].

جێگەی باسە, (چێرکێس خودۆیفیچ باکایێف) یەکێك بووە لە زمانزانە بەناوبانگەکانی یەکێتی سۆڤییەت, کارەکەشی یەکێکە لەو قامووسە بەراییە باشانەی کەوا لەو بارەیەوە بلاوکراوەتەوە.

**قامووسی کوردی–ڕووسی, له ئامادەکردن و نووسینی: دکتۆر (چ.خ. بەکایێف).**



## چوارەم: قامووسەکەی (ك.ك. كوردۆیڤ)

قامووسی کوردی–ڕووسی, ئەم قامووسە لە لایەن زمانزانی بەناوبانگ دکتۆر (ك.ك. كوردۆیڤ)–(١٩٠٩–١٩٨٥)ەوە کۆکراوەتەوە و ئامادەکراوە, بەڕپرسی دەرکردن و پێداچوونەوەی دکتۆر (م.ن. بۆگۆلیوبۆڤ) بووە, قامووسەکە نزیکەی (٣٤٠٠٠) سی و چوار هەزار ووشە لەخۆدەگرێت, لەگەڵ پاشکۆیەك کە بریتییە لە چەردەیەکی کورت لە ڕێزمانی زمانی کوردی.

ئەم بەرهەمە لە بلاوکراوەکانی ئامۆژگای ڕۆژهەلاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستی یەکێتی سۆڤییەتە. ساڵی (١٩٦٠) لە شاری مۆسکۆ لە دووتوێی (٨٩٠) لاپەڕەدا بە تیراژی (٢٠٠٠) دوو هەزار دانە چاپ و بلاوکراوەتەوە.

وەکو تێبینی دەکرێت, کوردۆیڤ سوودی لە بەرهەمی (گیو موکریانی)–(١٩٠٤–١٩٧٧) و سەرچاوەی عەرەبیش بینیووە. پێشەکییەکی بە زمانی ڕووسی و کوردی بە تیپی لاتینی نووسیووە. هەروەها لاپەڕە (٨٣١)ی تەرخانکراوە بۆ چەردەیەکی کورتی ڕێزمانی زمانی کوردی[١٠].

**قامووسی کوردی–ڕووسی، له ئامادەکردن و نووسینی: دکتۆر (ك.ك. کوردۆیڤ).**



## پێنجەم: قامووسەکەی (ی.ئۆ. فاریزۆڤ)

قامووسی ڕووسی–کوردی, ئەم قامووسە لە لایەن (ی.ئۆ. فاریزۆڤ)–(١٩٢٣–٢٠١٢)ەوە کۆکراوەتەوە و ئامادەکراوە, نێوبراوو هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە پسپۆری مێژوو, بەڕپرسی دەرچوون و پێداچوونەوەی قامووسەکە کەوتۆتە ئەستۆی (ئا.ئا. جانگۆێڤ), ساڵی (١٩٥٧) لە دووتوێی (٧٨١) لاپەڕەدا بە تیراژی (٢٠٠٠) دوو هەزار دانە لە شاری مۆسکۆ چاپ و بڵاوبۆتەوە. ئەم بەرهەمەش دیسانەوە بە تیپی لاتینییە[١١].

قامووسی ڕووسی–کوردی, له ئامادەکردن و نووسینی: (ی.ئۆ. فاریزۆڤ).

# РУССКО-КУРДСКИЙ СЛОВАРЬ

Составил кандидат исторических наук
И. О. ФАРИЗОВ

Около 30000 слов

Загружено с сайта
http://kurdistan.com.ua/

ГОСУДАРСТВЕННОЕ ИЗДАТЕЛЬСТВО
ИНОСТРАННЫХ И НАЦИОНАЛЬНЫХ СЛОВАРЕЙ
МОСКВА—1957

## شەشەم: قامووسەکەی (ئ.ی. کێدایتێنێ)، (کوردستان موکریانی)، (ڤ.ی. میترۆخینا)

(کتێبی قوتابخانەیی)–فێربوون، قامووسی ڕووسی–کوردی، ئەم قامووسە تایبەتە بۆ ئەو کەسانەی کەوا زمانی ڕووسی دەخوێنن، بەرهەمەکە لە لایەن: (ئ.ی. کێدایتێنێ)، (کوردستان موکریانی) و (ڤ.ی. میترۆخینا)ەوە ئامادەکراوە و نووسراوە، (٢١٠٠) دوو هەزار و سەد ووشەی لەخۆگرتووە، لە لایەن (ئ.ی. کێدایتێنێ)یەوە سەرپەرەشتی دەرکردن و پێداچوونەوەی بۆ کراوە. هەروەها لە ڕووی زانستیشەوە (ك.ك. کوردۆڤ)–(١٩٠٩–١٩٨٥) پێییداچۆتەوە.

پێشەکی قامووسەکە لە لایەن (ئ.ی. کێدایتێنێ)یەوە نووسراوە، پاشان پێشەکییەك بە زمانی کوردیی سۆرانی لە لایەن (کوردستان موکریانی)یەوە نووسراوە. ساڵی (١٩٧٧) لە شاری مۆسکۆ، لە دەزگای چاپەمەنی (زمانی ڕووسی)، لە دووتوێی (٣٦٨) لاپەڕە بە تیراژی (٢٠٠٠) دوو هەزار دانە چاپ و بڵاوکراوەتەوە[١٢]. دەکرێت ئەم بەرهەمە، بە یەکێك لەو قامووسە بەراییە باشانە دابنرێت کەوا بە زمانی کوردی بە شێوەزاری سۆرانی نووسرابێت.

(کتێبی قوتابخانەیی)–فێربوون, قامووسی ڕووسی–کوردی, لە ئامادەکردن و نووسینی: (ی. ی. کێدایتێنێ), (کوردستان موکریانی), (ڤ. ی. میترۆخینا).



## حەوتەم: قامووسەکەی (ق. کوردۆ) و (ز. یوسف)

قامووسی کوردی–ڕووسی, (سۆرانی), ئەم قامووسە لە لایەن (ق. کوردۆ)–(١٩٠٩–١٩٨٥) و (ز. یوسف)–(١٩٣٤–٢٠٢٢)ەوە ئامادەکراوە و نووسراوە, نزیکەی (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار ووشە لەخۆدەگرێت, پێشەکی بەرهەمەکە بە هەردوو زمانی ڕووسی و کوردیی شێوەزاری سۆرانی لە لایەن قەناتی کوردۆوە نووسراوە. دیارە (د. جەمشید حەیدەری) پێشەکییە ڕووسییەکەی وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی.

هەروەها لە لایەن (ی.ئا. سمیرنۆڤا)–(١٩٢٨–٢٠١٠) و (د. جەمشید حەیدەری)یەوە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی بۆکراوە. بەرهەمەکە لە بلاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری یەکێتی کۆمارەکانی سۆشیالیستی سۆڤییەت–ئامۆژگای ڕۆژهەلاتناسییە, ساڵی (١٩٨٣) لە دەزگای چاپەمەنی (زمانی ڕووسی) لە شاری مۆسکۆ لە دووتوێی (٧٥٢) لاپەڕەدا بە تیراژی (٢٥٠٠) دانە چاپ و بلاوکراوەتەوە[١٣].

**قامووسی کوردی–ڕووسی، (سۆرانی)، لە ئامادەکردن و نووسینی: (ق. کوردۆ) و (ز. یوسف).**



## هەشتەم: قامووسەکەی ڕۆسلاّن لازەرەڤیچ-(ڕ.لّ. تسەبۆلّۆڤ)

قامووسی ئێتیمۆلۆجی زمانی کوردی, ئەم قامووسە لە لایەن ڕۆسلاّن لازەرەڤیچ-(ڕ.لّ. تسەبۆلّۆڤ)-(١٩٢٦-٢٠٠٣) ئامادەکراوە, بەرهەمەکە بریتییە لە دوو بەرگ, بەرگی یەکەمی تیپەکانی (ئا-م) لەخۆدەگرێت, کە بە تپیی لاتینییە, قامووسەکە لە بلاّوکراوەکانی ئامۆژگای ڕۆژهەلاّتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستی ڕووسیایە, ساڵی (٢٠٠١) لە شاری مۆسکۆ لە دووتوێی (٦٨٧) لاپەڕەدا بە تیراژی (٥٠٠) دانە چاپ و بلاّوکراوەتەوە[١٤].

هەرچی بەرگی دووەمی قامووسەکەیە, کە تیپەکانی (ن-زێ) لەخۆدەگرێت, پاش نزیکەی (٩) نۆ ساڵ, لە ساڵی (٢٠١٠) لە شاری مۆسکۆ لە دووتوێی (٥٣٦) لاپەڕە بە تیراژی (٨٠٠) دانە چاپ و بلاّوکراوەتەوە. ئەم بەرگەشیان لە بلاّوکراوەکانی پەیمانگای ڕۆژهەلاّتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستی ڕووسیایە[١٥].

**قامووسی ئێتیمۆلۆجی زمانی کوردی, له ئامادەکردن و نووسینی: ڕۆسلاّن لازەرەقیچ–(ڕ.لّ. تسەبۆلّۆڤ), بەرگی یەکەم, ٢٠٠١.**



قامووسی ئێتیمۆلۆجی زمانی کوردی, له ئامادەکردن و نووسینی: ڕۆسلاّن لازەرەقیچ–(ڕ.ل. تسەبۆلّۆڤ), بەرگی دووەم, ۲۰۱۰.



## نۆیەم: قامووسەکەی (یوسف ئۆربێلی)

قامووسی کوردی–ڕووسی, ئەم بەرهەمە بەرگی دووەمی–بەشی دووەمە لە کتێبی: (کارە هەڵبژێردراوەکانی یوسف ئۆربێلی), لە بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای نیشتیمانی زانستی کۆماری ئەرمینیا–ئاموژگای ڕۆژهەلاتناسی–سەنتەری توێژینەوەی کورد لە مۆسکۆیە. ساڵی (٢٠٠٢) لە شاری یەریڤان–زەنگاك لە دووتوێی (٢٠٨) لاپەڕەدا بە تیراژی (٥٠٠) دانە چاپ و بلاوکراوەتەوە. قامووسەکە بە تیپی لاتینی نووسراوە.

جێگەی باسە, لە چەند شوێنێکدا باسی ئەم کارەی (ئۆربێلی)–(١٨٨٧–١٩٦١) کراوە, کە کاتی خۆی لە گەشتێکیدا بۆ ناوچەی مۆکس لە نێوان ساڵانی (١٩١١–١٩١٢) ئەنجامی دابوو. ئەم بەرهەمە لە بنەڕەتدا دوو بەرگە. ئامادەکردنی دەستنووسی ئەم کارە بۆ چاپ, لە لایەن (ژ.س. موسائلیان) و (ی.ی. تسوکێرمان)–(١٩٠٩–١٩٩٨)ەوە کاری لەسەر کراوە. جگە لەو بابەتەی کە لە سەرەتاوە لەلایەن پ.د.(پ.م. مورادیان)ەوە نووسراوە وەکو پێداچوونەوە و سەرپەرەشتیکردنی کارەکە, دواتر لە لایەن (ژ.س. موسائلیان) و (ی.ی. تسوکێرمان)یشەوە بابەتێکی دوورودرێژ و بە پێز نووسراوە[١٦].

قامووسی کوردی–ڕووسی, (کارە هەڵبژێردراوەکانی یوسف ئۆربێلی), بەرگی دووەمی–بەشی دووەم.



## دەیەم: قامووسەکەی (تێیمۆراز ئاڤدۆێڤ)

قامووسی ئێزیدی–ڕووسی لە لایەن (تێیمۆراز ئاڤدۆێڤ)ەوە ئامادەکراوە و نووسراوە, ئەم بەرهەمە بەشی یەکەمییەتی کە بریتییە لە (قامووسی ووشەسازیی), ساڵی (٢٠١٧) لە شاری (کالی–گراد) کالینینگراد لە دووتوێی (١٥٠) لاپەڕەدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

دیارە ئەم قامووسە بە تیپی لاتینی نووسراوە, کە تێیدا ووشەکە بە تیپی لاتینی نووسراوە و بە تەنیشتییەوە واتاکەی بە زمانی ڕووسی نووسراوە. ئامادەکار و نووسەری بەرهەمەکە پشتی بە کۆمەڵێك سەرچاوەی هەمەڕەنگ بەستووە, هەموویان بەسەریەکەوە (٥٤) سەرچاوەن[١٧]. بێگوومان ئەم هەوڵە, کارێکی باش و تازەیە, دەتوانرێت لە داهاتوودا بەرهەمی تری بەدوادا بێت, بۆ ئەوەی جێگەی خۆی لەنێو چاپکراوە ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسییەکانی ڕووسیادا بکاتەوە.

**قامووسی ئێزیدی–ڕووسی لە ئامادەکردن و نووسینی: (تێیموراز ئاقدۆێف)**



## پەراوێز و سەرچاوەکانی بەشی سێیەم


**١-باسيلي نيكيتين, الكرد-دراسة سيوسيولوجية وتاريخية, ت: نوري طالباني, الطبعة السادسة, من منشورات الاكاديمية الكوردية, مطبعة الحاج هاشم, أربيل, ٢٠١٢, ص٤٧٤.**

2-Паллас П.С. Сравнительные словари всех языков и наречия. СПБ. Часть первая. 1787.

3-Паллас П.С. Сравнительные словари всех языков и наречия. СПБ. Часть Вторая. 1789.

**٤-ماوريتسيۆ گارزۆنی, ڕێزمان و وشەنامەی زمانی کوردی, پێشەکی و دووبارە لە چاپدانەوەی: نەجاتی عەبدوڵڵا, لە بڵاوکردنەوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان, چاپی یەکەم, چاپخانەی ڕۆژهەڵات, هەولێر, ٢٠١٥.**

5-Лерх П. И. Исследования об иранских курдах и их предках северных халдеях. Книга I. Санкт Петербург. 1856.

**٦-ب. لرخ، دراسات حول الكورد الايرانيين وأسلافهم الكلدانيين الشماليين، ت: عبدي حاجي، بنكەی ژین لأحياء التراث الوثائقي والصحفي الكردي، مطبعة شڤان، السليمانية، الطبعة الثالثة، السليمانية، ٢٠٠٨.**

7-Лерх П. И. Исследования об иранских курдах и их предках северных халдеях. Книга II. Санкт Петербург. 1857.
8-Лерх П. И. Исследования об иранских курдах и их предках северных халдеях. Книга III. Санкт Петербург. 1858.
9-Вакаев Ч. Х. Курдско-русский словарь. М., 1957.
10-Курдоев К. К. Курдско-русский словарь. М., 1960.
11-Фаризов И.О. Русско-Курдско словарь. М., 1957.
12-Кедайтене Е.И. Курдистан Мукриани. Митрохина В.И. Учебный Русско-Курдский словарь. М., 1977.
13-Курдоев К.К. Юсупова З.А. Курдско-русский словарь (Сорани). М., 1983.
14-Цаболов. Р.Л. Этимологический словарь курдского языка. Том I.М., 2001.
15-Цаболов. Р.Л. Этимологический словарь курдского языка. Том II.М., 2010.
16-Орбели И.А. Избранные труды в двух томах. Курдско-русский словарь. Т. 2, вы. 2._ 2002.
17-Теймураз Авдоев. Езидско-русский словарь.Ч. 1. Лексический словарь. Калининград. 2017.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی ڕووسی

## کتێب و بلاوکراوەکان


1-Мазур О.А.  Курдский вопрос в политическом конфликте в Сирии. М., 2019. – 122 с.
2-Иванов С.М. Иракский Курдистан на современном этапе (1991–2011 гг.). М., 2011. – 86 с.
3-Караме Анкоси. Описание курдских материалов национального центра рукописей Грузии. Тбилиси., 2009.– 69 с.
4-Караме Анкоси. Библиография опубликованных книг, статей и заметок. Тбилиси., 2014. — 53 с.
5-Жигалина О. И. Мулла Мустафа Барзани. Исторический портрет. М., 2013. — 240 с.
6- Рабочая группа. Земля легенд. Курдская культура глазами российских исследователей, Газпром нефть. 2014. — 239 с.
7- Надежда Степанова. Курдская проблема в Ираке. М., 2005. — 30 с.
8- Савва М.В. Курды в Краснодарском крае. Исследование. Краснодар 2007. —40 с.

9- Карим Анкоси (Караме Анкоси). Документы о курдах Южного Кавказа хранившиеся в Национальном историческом архиве Грузии. Описание и выписки из архивных документов о курдах (1920-1940).Годы. Архив новейшей история Грузии. Архивные фонды и единицы хранениях кратким описаниях их содержания. Тбилиси. 2010. 150 с.
10-Магомедханов В.М. Курды забытые союзники СССР, М., 2020. 236 с.
11- Мосаки Н.З. Курдистан и курдский вопрос в политике Запада и России (90-е XX века_наало XXI века). М., 2011. 346 с.
12- Дасни Ю.Р. Путешествие из Москвы в Курдистан. М.,2010. 192 с.
13- Курды Адыгеи: монография / гл. ред. и руководитель научного проекта А.Н. Соколова ; ред. А.Ю. Шадже, З.А. Жаде. – Майкоп : Качество,2015. – 204 с.
14- Вертяев К. В., Жигалина О. И., Иванов С. М. Политические процессы в курдских ареалах стран Западной Азии (Ираке, Турции, Сирии, Иране). – М.: Институт востоковедения РАН, 2013. – 142 с.
15- Курдский фактор в региональной геополитике. (Материалы круглого стола в ИМЭМО РАН 11.03.2015 г.) / Под редакцией А.Г. Арбатова. – М.: ИМЭМО РАН, 2015. – 119 с.
16- Букшпан А. Азербайджанские курды. Лачин, Кельбаджары, Нах.ССР- Заметки.Баку. 1932. –92 с.
17-Карцов. Заметки о Курдах. Тифлис, 1896. 48 с.
18-Лазаревские чтения. Вып. 1 / Отв. ред. О.И. Жигалина. — М.: Институт востоковедения РАН, 2012. — 256 с.

19-Лазаревские чтения. Выпуск II / Отв. ред. О. И. Жигалина.— М.: Институт востоковедения РАН, 2013.—244 с.
20-Курды. Легенда Востока. М.: Издательская группа «Арбор», 2018. 456 с.
21-Лерх П. И. Исследования об иранских курдах и их предках северных халдеях. Книга I. Санкт Петербург. 1856. .– 121 с.
22-Лерх П. И. Исследования об иранских курдах и их предках северных халдеях. Книга II. Санкт Петербург. 1857. – 139 с.
23-Лерх П. И. Исследования об иранских курдах и их предках северных халдеях. Книга III. Санкт Петербург. 1858. – 113 с.

## قامووسەکان

1-Паллас П.С. Сравнительные словари всех языков и наречия. СПБ. Часть первая. 1787. 411 с.
2-Паллас П.С. Сравнительные словари всех языков и наречия. СПБ. Часть Вторая. 1789. 49 1с.
3-Бакаев Ч. Х. Курдско-русский словарь. М., 1957. 618 с.
4--Курдоев К. К. Курдско-русский словарь. М., 1960. 890 с.
5-Фаризов И.О. Русско-Курдско словарь. М., 1957. 781 с.
6-Кедайтене Е.И. Курдистан Мукриани. Митрохина В.И. Учебный Русско-Курдский словарь. М., 1977. 368 с.

7-Курдоев К.К. Юсупова З.А. Курдско-русский словарь (Сорани). М., 752 с.
8-Цаболов. Р.Л. Этимологический словарь курдского языка. Том I.М., 2001. 687 с.
9-Цаболов. Р.Л. Этимологический словарь курдского языка. Том II.М., 2010. 536 с.
10-Орбели И.А. Избранные труды в двух томах. Курдско-русский словарь. Т. 2, вы. 2._ 2002. 208 с.
11-Теймураз Авдоев. Езидско-русский словарь.Ч. 1. Лексический словарь. Калининград. 2017. 150 с.
\

## نامەی ماستەرەکان

1- Исмет Конак. Курды СССР в 1920 – 30-ые гг.: процессы
адаптации и интеграции в советскую систему, М. 2010. 111 с.
2-Гугняк К. М.Курды в рамках этностатусной системы Турции в республиканский период, Екатеринбург., 2015. 102 с.
3-Земцова Юлия Алексеевна. Курдский вопрос в современной системе международных отношений, Екатеринбург. 2017. 99 с.
4-Крохалев Юрий Юрьевич. Проблема курдской государственности в международных отношениях конца XX - начала XXI в.Екатеринбург,. 2018. 88 с.
5-Дакешева Мария Мерболовна."Курдские вопрос" В современных турецко-сирийских отношениях. Санкт-петербур., 2019. 80 с.

# تێزی دکتۆراکان

1-Магомедханов Виктор Магомдович. Иранский Курдистан в политике СССР во второй половине 1930-1940х гг.Елец. 2015. 275 с.
2-Веденеев Илья Николаевич. Курдское национальное движение Ирака и турции в 1918-1980 гг. факторы взаимовлияния, М, 2021. 221 с.
3-Сенников Алексей Иванович. Политика США в отношении Иракского курдистана в 1945-1989 гг. Киров., 2020. 304 с.
4-Демиденко.С.В.Деятельность Рабочей партии Курдистана (РПК) и ее роль в вооруженной борьбе турецких курдов (1973-1999 гг.). М, 2003. 213 с.
5-Победоносцева кая Анжелика Олеговна. Курды в истории и политике России на ближнем востоке в XIX – начале XX вв. Санкт-Петербург. 2016. 169 с.
6-Ахмедов Теюб Ахмед оглы. Курдский вопрос в Турецкой республике (1990–2005 гг.), Томск., 2014. 258 с.
7-Абак Тибет. Курдский вопрос а политике младотурок в преддверии первой мировой войны и курдская политика российской империи (1908–1914 гг.), М. 2017. 237 с.
8-Мазур Ольга Анатольевна. Курдскийй вопрос в политическом конфликте в Сирии (после 2011 года), М., 2016. 206 с.

## دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

### کتێب


١- ماوریتسیۆ گارزۆنی, ڕێزمان و وشەنامەی زمانی کوردی, پێشەکی و دووبارە لە چاپدانەوەی: نەجاتی عەبدوڵڵاڵ, لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان, چاپی یەکەم, چاپخانەی ڕۆژهەڵات, هەولێر, ٢٠١٥.


### گۆڤارەکان


١- ئامانج نازم بیجان, کوردناسیی ڕووسی لە چەند نامە و تێزێکی زانستیدا, (مێژوونناسی)-گۆڤار, ژمارە (٤-٥), چاپخانەی ڕۆژهەڵات, هەولێر, ساڵی دووەم, (٢٠٢٣).

٢- ئامانج نازم بیجان, پرسی کورد لە چەند سەرچاوەیەکی ڕووسیدا- بەشی یەکەم, (تاراوگە)-گۆڤار, ژمارە (١٧٨), هۆڵەندا, چوارشەممە-(١٧)ی مایسی (٢٠٢٣).

٣- ئامانج نازم بیجان, پرسی کورد لە چەند سەرچاوەیەکی ڕووسیدا- بەشی دووەم, (تاراوگە)-گۆڤار, ژمارە (١٧٩), هۆڵەندا, چوارشەممە-(٢٦)ی تەموزی (٢٠٢٣).

٤- ئامانج نازم بیجان, پرسی کورد له چەند سەرچاوەیەکی ڕووسیدا- بەشی سێیەم و کۆتایی, (تاراوگە)-گۆڤار, ژمارە (١٨٠), هۆڵەندا, چوارشەممە-(٢٣)ی ئابی (٢٠٢٣).
٥- ئامانج نازم بیجان, مێژووی کورد له دووتوێی چەند سەرچاوەیەکی ڕووسیدا, (ئاژین)-گۆڤار, ژمارە (٦), زانکۆی سۆران, زستان و بەهاری (٢٠٢٤).
٦- ئامانج نازم بیجان, , کورد-ئەفسانەی ڕۆژهەلأت, (تاراوگە)-گۆڤار, ژمارە (١١٠), هۆڵەندا, چوارشەممە-(٢٤)ی حوزەیرانی (٢٠٢٠).

## مالپەڕ

١- ئامانج نازم بیجان, کوردناسیی ڕووسی له چەند تێزێکی زانستیدا, مالپەڕی (مێژووی کورد), بەشی مێژووی کورد-مێژووی نوێ و هاوچەرخ, ڕێککەوتی (٢٠٢٣/٥/٢٨).

## سێیەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

## کتێبەکان


١- عبدالرحمن بن خلدون، تاريخ ابن خلدون المسمى ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الاكبر، ضبط المتن ووضع الحواشي والفهارس: خليل شحادة، (٨) أجزاء، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، لبنان، (٢٠٠٠-٢٠٠١).

٢- عثمان علي، الحركة الكردية المعاصرة-دراسة تاريخية وثائقية (١٨٣٢-١٩٤٦)، الطبعة الثالثة، مكتب التفسير للنشر والاعلان، أربيل، ٢٠١١.

٣- باسيلي نيكيتين, الكرد-دراسة سيوسيولوجية وتاريخية, ت: نوري طالباني, الطبعة السادسة, من مطبوعات الاكاديمية الكوردية, مطبعة الحاج هاشم, أربيل, ٢٠١٢.

٤- ب. لرخ، دراسات حول الكورد الايرانيين وأسلافهم الكلدانيين الشماليين، ت: عبدي حاجي، بنكەی ژین لأحياء التراث الوثائقي والصحفي الكردي، مطبعة شڤان، السليمانية، الطبعة الثالثة، السليمانية، ٢٠٠٨.

خوێنەری ئازیز، ئەم کتێبەی بەردەستت، خستنەڕووی چەند سەرچاوەیەکی ڕووسییە تایبەت بە کورد، کە خۆی لە سێ بەشی سەرەکیدا دەبینیتەوە.

بەشی یەکەم: کوردناسیی ڕووسی لە چەند نامە و تێزێکی زانستیدا.
بەشی دووەم: مێژووی کورد لە دووتوێی چەند سەرچاوەیەکی ڕووسیدا.
بەشی سێیەم: ووشە و زمانی کوردی لە چەند قامووسێکی ڕووسیدا.

هەوڵماندا‌وە لایەڕەکانی ئەو سەرچاوە ڕووسیانە هەڵبژێردراونەتە سەر زمانی کوردی و عەرەبی. جگە لە باسێکی کورتی بەرهەمەکە، تێیدا بەرگی پێشەوە یاخود لایەڕەی یەکەمی سەرچاوەکەمان داناوە، لە کۆتایشدا تەواوی ئەو سەرچاوانەمان تۆمارکردووە کە لە ئێو ئەم کتێبەدا باس و خواسیان هاتووە. شیاوی گوتنە، بەشی یەکەم و دووەمی ئەم بەرهەمە، کاتی خۆی لە چەند شوێنێکی جیاوازدا باڵاوبوونەتەوە. بۆ ئەم مەبەستە لە پەراوێزی هەر بەش و بابەتێکدا ئاماژەمان بۆ کردووە. بە ئومێدی ئەوەی لە دەرفەتێکدا بتوانین بەشەکانی تریشی باڵاوبکەینەوە.